گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ناو و ناسناوی کارەکتەر لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیای "فێردیناند دی سۆسێر"دا

**کلثوم یاسین عبدالله**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ,زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kalsumyasin6@gmail.com

**د.کارزان موحسین قادر**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ,زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Karzan.qader@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٠
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
سیمیۆلۆژیا، ناو، کارەکتەر، ناسناو، ڕۆمان

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.8

## پوختە

پوختەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە پراکتیکردنی ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی "بەختیار عەلی" ، کە تێیدا تیشک خستنە سەر ناو و ناسناوی کارەکتەرەکانە، چونکە ناوی کارەکتەر تەنیا ناونیشانێکی ئەدەبی سادە نییە، بەڵکو ئامرازێکی ڕەخنەییە بۆ شیکردنەوەی پرسیاری ناسنامە، سەرکوتکردن، و ئازادی لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە کێشەدا کە پێویستی بەدەرخستنە بۆ ئەمەش باشترین ژانر کە لایەنە شاراوەکەی کۆمەڵگا بخاتە ڕوو ڕۆمانە بەتایبەت ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک بێت بتوانێت لە ڕێگایی "ناو و ناسناو" دیوی دووەمیمان پێ ئاشنا بکات، چونکە ناو و ناسناوی کارەکتەر لە ڕۆمان دەتوانێت ئاوێنەی کۆمەڵگای کوردی پیشانبدات. بۆیە لەم ڕۆمانەدا "ناو و ناسناو" شەڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان بوون و نەبوونی تاک لە ژێر سیستەمێکی سەرکوتکەر دا ڕوون دەکاتەوە، ڕۆمانەکەش لە چیرۆکێکی خەیاڵییەوە دەباتە ناو پرسیارێکی فەلسەفی، سیاسیی گەورە، لیکۆڵینەوەکە جگە لە پیشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بریتییە لە: دوو بەش، بەشی یەکەم کە ڕوونکردنەوەی سیمیۆلۆژیایە لە ڕوانگەی سۆسێردا، هەروەها خستنەڕووی ناو و ناسناوی کارەکتەر و سازاندنیان، بەشی دووەمیش لێکدانەوەی  واتای ناو و ناسناوەکان  خستنە ڕووی واتا شاراوەکانیان و لێکدانەویەکی ورد بۆ جیاکردنەوەیان بە جۆرێک تێگەیشتن لە هۆکار و مەبەستی ڕۆماننووس لە پێدانی ئەو ناو ناسناوانە بە شێوەیەکی ورد.

## پێشەکی:

لە جیهانی ئەدەبیدا بەتایبەت لە ڕۆماندا ناوەکان تەنیا نیشانەیەی ناسینەوەی کارەکتەر نین، بەڵکو خستنەڕووی دەروون و نەژادی کەسایەتیین و پەیوەندییان بە کۆمەڵگا و مێژووەوە دەبێت. لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی "بەختیار عەلی"دا، ناو و ناسناو وەک ئامرازێکی دوو ڕوو ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە یەککاتدا ناو، یان "ناوی تایبەت" وەک نیشانەی خودییەتی و ئازادیی تاکە کەس دەردەکەوێت، کە پەیوەستە بە بوون و بیری کارەکتەرەوە. لە لایەکی تر ناسناو ناوی خێزانی، یان ناسناوی تایبەتی هەموو ئەو لایەنانە دەگریتەوە کەپەیوەندی بەهەر تاکێکەوە هەیە وەک ئەڵقەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی ڕیشەیی کولتووریی، ئایدیۆلۆژی، یان دۆخێکی سیاسی-مێژووییە کە کارەکتەر تێیدا نوقم بووە. لەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و پەیوەندیدار بە تیۆرییەکانی ناولێنان و ڕۆڵی زمان لە دروستکردنی ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکان، سەیری ناو و ناسناوی کارەکتەر دەکرێت و پەیوەندیی بە پێکهاتەی ڕۆمانەکەوە دەخرێتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ناونیشانی لیکۆڵینەوەکە:**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (ناو و ناسناوی کارەکتەر لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" لە ڕوانگەیی سیمیۆلۆژیای "فێردیناند دی سۆسێر"). هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی سیمیۆلۆژییانەی ناو و ناسناوی کارەکتەر، بە تایبەتی ئەو ناو، یان ناسناوانەی کە ڕەهەندێکی جیاواز و شاراوەیان هەڵگرتووە، پێویستە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت٠

**سنوری لیکۆلینەوەکە:** لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆلۆژییە خستنەڕووی ناو و ناسناوی کارەکتەر بۆ ئەمەش ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی "بەختیار عەلی" بەنموونە وەرگێراوە لە چوارچیوەی ئەم ڕۆمانەدا کاردەکات٠

**میتۆدی لیکۆڵینەوە:** بۆ دەرخستنی واتا دەلالیەکانی ناو و ناسناو پیویستمان بە میتۆدی سیمیۆلۆژیای "فێردیناند دی سۆسێر" بۆ دەرخستنی واتا قووڵ و نادیارەکانی ناو و ناسناوی کارەکتەرەکان٠

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:** چەندین کاری زانستی لەبارەی ناو، یان ناسناو هەروەها لەبارەی کارەکتەر و سیمیۆلۆژیا کراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەک بۆ ناو و ناسناوی کارەکتەر بە تایبەت لەڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی" دا نەکراوە بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو کەلێنە پڕبکەینەوە٠

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کارێکی ئەکادیمی تایبەت بە خستنەڕووی ناو ناسناوی کارەکتەر بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی" چەندین لێکۆڵینەوە کراوە لەڕووی سیمیۆلۆژیاوە، بەڵام کارێکی تایبەت بەم ناونیشانە نەکراوە٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** لیکۆڵینەوەکەمان جگە لە پوختە و پێشەکی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستمان بەشێوەیەکی ڕوون بریتییە لە دووبەش٠ بەشی یەکەم تیۆرییە ئەم بابەتانە لەخۆی دەگرێت٠( چەمک و زاراوە و پێناسەی سیمیۆلۆژیا، ڕوانگەی فێردیناند دی سۆسێر، ناو و ناسناوی کارەکتەر،بەشی دووەمیش بریتییە لە پڕاکتیزەکردنی ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکانی" لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە)٠

دەروازەیەک بۆ چونە ناو لیکۆڵینەوەکە: لەبارەی سیمیۆلۆژیا و ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانەی پێشتر کراون، تاوەکو ئێستا ئەوەی ئێمە بە دواداچوون و گەڕانمان بۆ کردووە، ئەم لێکۆڵینەوانەی خوارەوە لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە ئەنجامدراون :-

١- کامەران ئیبراهیم مشەختی، (2008)، لە زانکۆی دهۆک، ماستەرنامەکەی لە ژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لەشیعرەکانی مەلای جزیری)دا٠

٢- نزار سەلمان تاهیر، (2008) لە زانکۆی دهۆک، ماستەر نامەکەی لە ژێر ناونیشانی (ناڤونیشان وەکو ناسناما تێکستێ هۆزانێ)٠

٣- لوقمان ڕەئووف، (2014)، لە زانکۆی سلێمانی، تێزی دکتۆرای لە ژێر ناونیشانی (دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە)٠

٤- نزار سلمان طاهر، (2014). لە زانکۆی دهۆک، تێزی دکتۆرای لە ژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیا وێنێ دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا ) ٠

٥- سەرباز مەجید خۆشناو، (2016)، لە زانکۆی سۆران، ماستەر نامەکەی لە ژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت)دا٠

٦- حەمە مەنتک، (2018)، لە زانکۆی سەڵاحەددین، تێزی دکتۆراکەی لە ژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە، هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نمونە)٠

٧- ژینۆ عەبدوڵا، (2019)، لە زانکۆی سلێمانی، تێزی دکتۆراکەی لە ژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نازک الملآئکە)٠

٨- ئاڵا سلێمان سمایل باپیر، (2022)، ماستەر نامەکەی لەژێر ناو نیشانی (سیمیۆلۆژیای کەلتوور)٠

٩- بڕیار خەلیل حسێن، (2022)، لە زانکۆی سەڵاحەددین، ماستەر نامەکەی لەژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بە نموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک)٠

١٠ - عەبدولستار پیرداود حەسەن.(2023) لە زانکۆی سەڵاحەددین، تێزی دکتۆرای بە ناونیشانی سیمیۆلۆژیا لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی (جەبار جەمال غەریب) بەنمونە٠

١١ -شاخەوان باوەددین٠ (2023) لە زانکۆی کۆیە، تێزی دکتۆراکەی بەناونیشانی (سیمۆلۆژیای ڕەنگ)، ئەمە جگە لە چەندین لێکۆڵینەوە و کتێب و وتاری جۆراوجۆری ئەدەبی لێرە و لەوێ نوسراون لەبارەی چەندین لایەنی سیمیۆلۆژیا چونکە بوارێکی فراوانە و تایبەتە بە زۆربەی زانستە سروشتی و مرۆییەکان، هەروەها کورتە لێکۆڵینەوە لە ڕووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەکان و سەر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان نوسراون، بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت٠هەروەها لەبارەی ناوی کارەکتەر لێکۆڵینەوەی "شوکر موحەممەد صالح" ( ٢٠٠٧) لە زانکۆی سەڵاحەددین لە ژێر ناونیشانی"ناوی تایبەت و ئەزموون" لە ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند)ی شێرزاد حەسەن٠نوسراوە جگە لەچەندین لیکۆڵینەوەی زمانەوانی لەبارەی ناو، یان ناسناو کراوە٠ بەڵام تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ناو و ناسناوی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی" دا بەتایبەت لە ڕوانگەی "سۆسێر" نەکراوە٠

## بەشی یەکەم: چەمک و زاراوە و پێناسەی سیمیۆلۆژیا:

بۆ ناسینی سەرەتای هەر زانستێک پێویستە لە بنیاتی سەرهەڵدان و دروستبوونی بکۆڵینەوە و شارەزایی لەبارەیەوە پەیدا بکەین، "سیمیۆلۆژیا" بۆ ئەوە بەکاردەهێنرا دەلالەت لە زمانی ئاماژە و نیشانە بکات لە "یۆنان"ی کۆن، واتاکەی پەیوەستە بە بواری پزیشکی "sememeion" بە واتای "نیشانە"، یان "ئاماژە" بەکارهاتووە، کاتێک باسی لێوە کراوە، پزیشک بتوانێت لە ڕێگای نیشانەکانی نەخۆشییەوە جۆری نەخۆشییەکە دیاریبکات، بەمجۆرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"هیپۆکرات" وەک باوکی "سیمیۆتیك" ناسێنرا. وەک خوێندنیش سەرەتا لە بواری فەلسەفە خوێندرا، کە پێشتر لەلایەن "ئەفلاتوون" و "ئەرستۆ"وە باسی "هێما"یان کردووە لە بواری پزیشکی. (وانگ، ٢٠٢٠: ٦٣). "سیمیۆلۆژیا" مێژوویەکی کۆنی هەیە وەکو چەمک و بەکارهێنان، بۆ زاراوەکانی "سیمیۆلۆژیا" یان "سیمیۆتیك" دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی لە چوارچێوەی زانستە نوێیەکان دابنرێن، وەکو زمانێکی ئاماژە بریتی بووە لە لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی شتێک لەپێناو دەرخستنی شتێکی تر، لێکۆڵینەوە لە نیشانەکانی نەخۆشییەك بۆ دۆزینەوەی جۆر و خودی نەخۆشییەکە، هەرچەندە ئێستا بە زانست، یان بوارێکی بەرفراوان دادەنرێت، بەڵام هێشتا لە کرۆکی خۆیدا هەڵگری ئەم چەند واتایەیە. "سیمیۆلۆژیا" وەکو چەمك و بەکارهێنان مێژوویەکی کۆنی هەیە ، سیمیۆلۆژیا "Semiology" و سیمیۆتیك "Semiotics" دوو زاراوەی سەرەکیین لە بواری توێژینەوەی نیشانەکان "فێردیناند دی سوسێر"، زاراوەی "سیمیۆلۆژیا"ی یەکەم جار لە بواری زانستی بەکارهێنا، بەڵام زانای ئەمریکی "چارلس ساندریس پێرس" سیمیۆتیکای بەکارهێناوە. ئەوروپییەکان وای دەبینن سیمیۆلۆژیا بەرهەمێکی فەرەنسییە، بەڵام ئەنگلۆساکسۆنییەکان بە داهێنانێکی ئەمریکی "پێرس"ی دەزانن، بەڵام دواتر هەردوولا ئەم زانستەیان فراوانکرد بۆیە ڕەخنەگری فەرەنسی "ڕۆڵان بارت" بەجۆرێک پەرەی بە سیمیۆلۆژیا دا بردیە نێو ئاماژەکانی جل و بەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و مکیاج و سابوون و چێشتلێنان. هەرکاتێکیش لەهەریەکێکیان بکۆڵدرێتەوە مێتۆدی سیمیۆلۆژیای زمانەوانیی بەسەردا پراکتیک دەکرێت، واتە "دال + مەلوول= ئاماژە" ئەمەش گرێدەدات بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئابووری و کلتووری (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٠٤) بەکارهێنانیش لەناو لێکۆڵینەوە کوردییەکان چەندین زاراوەی هاوشێوە بەکارهاتووە، بەپێی کاریگەریی قوتابخانەکان و جیاوازیی لە لێکۆڵینەوەکان، زاراوەکانیش جیاوازن، بەرامبەر "سیمیۆلۆژیا" و "سیمۆلۆجیا"ش لە کوردیدا بە کاردەهێنرێت.

لەبارەی پێناسەی "سیمیۆلۆژیا"، بۆ پێناسەی چونکە بوارێکی فراوانی لایەنەکان ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بۆیە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت ((سۆسێر دەڵێت زمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتییە لە سیستەمێک لە ئاماژە کە گوزارشت لە بیرەکان دەکات، دەشێت ئاماژە لە بواری کۆمەڵایەتی،لێرەدا ئەو زانستە بە سیمیۆلۆژیا ناودەبەم))٠ (سەرچاوەی پێشوو: ٣٠٥)٠ کەواتا: کاری سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لە نیشانە، یان بە جۆرێکیتر "سیمیۆلۆژیا" ((زانستێکە لێکۆڵینەوە لە بونیادی نیشانەکان و پەیوەندییەکانی لە گەردووندا سازدەکات، سیمیۆلۆژیا لە یەک کاتدا گرنگیی بە نیشانەکانی زمانەوانیی و نازمانیی دەدات))٠ (مەعرووف، ٢٠١٢: ١١٥)٠ دیارە مەبەستی ئەم پێناسەیە ئەو دەربڕینانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگای زمان دەردەبڕدرێن، یان تەنها بەشێوەی هێما دەنوینرێن٠ بۆیە زانستەکە لەلای "پێرس" بەشێوەیەک فراوانبوو کە هەموو نیشانەیەکی زمانی و نازمانی دەگرێتەوە، بۆیە سێمۆلۆژیای کرد بە سێ بەش ((سیمیۆتیکا وەک زانستێکی گشتی دەبینرێت کە دەتوانرێت لە زۆر بواری جیاوازدا بەکاربهێنرێت، لەوانە لۆژیک، ماتماتیک، فەلسەفە، هەروەها هەموو بیرکردنەوەکان لە نیشانەدا ڕوودەدەن و هەموو زانیارییەکان لە ڕێگەی نیشانەکانەوەیە، تا دەگەینە ئەو کەسانەی کە لێکیان دەدەنەوە))٠ (کراپین، ئۆیلەر، پۆسنێر، ١٩٨٧، ٥ ). ئەوەی گرنگە لەبارەی "سیمیۆلۆژیا"ی کارکردنیەتی بەشێوەی پڕاکتیکی لەسەر کۆی کایەکانی ژیان ((سیمیۆلۆژیا هەر وەک "سۆسێر" و "پێرس" وای بۆ دەچوون، زانستێکە لە هەموو هێما زمانی و نازمانییەکان دەکۆڵێتەوە و پەیوەندیی بە هەموو زانستەکانەوە هەیە و بەشێوەیەکی پڕاکتیکی لە ژیانی ڕۆژانە پیادە دەکرێت، هەر ئەمەشە وای لە "ڕۆڵان بارت" کرد بە ئیمپراتۆرییەت ناوی ببات))٠ (دزەیی، ٢٠١٤: ٩٨ )٠ کەواتە: هەر شتێک لەسەر زەوی هەبێت پەیوەندیی بە جۆرێک لەگەڵ مرۆڤایەتیی هەبێت، ئەوا "سیمیۆلۆژیا" لێی بەرپرسە، تەنانەت ئەگەر زمانیشی نەبێت٠ پاشان چەندین بیروبۆچونی نوێ دەرکەوتن وەک "ڕۆڵان بارت" پێی وایە((زانستی زمان بەشێک نییە لە سیمیۆلۆژیا، بەڵکو بەپێچەوانەوەی سیمیۆلۆژیا بەشێک یان لقێک لە زانستی زمان پێک دەهێنێ، چونکە تێکست بریتیە لە بەروبوومی زمان، زمانیش لە هەموو ئاستەکاندا چنینی مانا و دەلالەت و نیشانە و ئاماژە پێک دەهێنێت، بەرهەمهێنانی مانا لە بنەڕەتدا لە زمانەوە دێت بۆیە دەبینین تەنانەت سیمۆلۆژیاش پەنا دەباتە بەر زمان تا مانای شتەکان دیاری بکات))٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٠٥)٠ کەواتە: ئەم زانستە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هەموو ڕەفتار و پەیامێکی مرۆڤ وەک هێمایەکی واتادار دەبیندرێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای زمانەوەش نەگەیەندرێت. بۆیە "سیمیۆلۆژیا" وەڵامی ئەو پرسیارەیە چۆن هێماکان "نیشانەکان" واتا دروست دەکەن و ئێمە چۆن ئەو واتایە لێک دەدەینەوە٠ سیمیۆلۆژیا زانستی "هێما زمانی و نازمانییەکان "ە وەک وێنە، دەنگ، ڕەفتار، جلوبەرگ بەشێکی سەرەکی ئەم زانستەن،

## سیمیۆلۆژیای سۆسێر:

سوسێر وەک یەکەم کەس کە ئاماژەی بە پەیوەندیی نێوان ناو ناولێنراو کرد بە وردی تیشکی خستە سەر زانستی زمانەوانی (("سۆسێر" یەکەم کەسە موژدەی زانستێکی نوێ دەدات لەبارەی لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا و لە ئاشکراکردنی یاسای نوێوە، کە دەتوانێت شوێنێکی گرنگ لە "مرۆیی"، "کۆمەڵایەتی" شرۆڤە بکەین لە ڕێگەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنور و فۆرمی ئەم کۆنتێکستانەوە))٠ (ڕەئووف، ٢٠١٦: ٥٤)٠ بەم کارەی "سیمیۆلۆژیا" بە کۆمەڵ گرێدەدات و بە سەرچاوەی دروستبوونی دەزانێت٠ ئەمەش ((هێما زمانەوانییەکەی "سۆسێر" پەیوەندیی نێوان شتێک و ناوێک نییە بەڵکو لە نێوان تێگەیشتن دایە، ئەو دەنگە هەستپێکراوەی کە بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆژی دەگاتە گوێگر، بێگومان لە ڕێگای هەستەوە وەریدەگرین، ئەمەش ناولێنانی بەشێوەی فیزیکی نییە، بەڵکو ئەو ڕێگایەیە کە گوزارشت لە تێڕوانینمان دەکات بۆ دەوروبەر٠ کەواتە: هەر دەنگێک و توخمێک لەیەکتر جیاوازن))٠ (تشاندلر، ٢٠٠٨: ٣٥)٠ ئەو زانستە زمانەوانییەی "سیمیۆلۆژیا" هەموو لایەنە ناوەکییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، هێماکان پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ دەخەنەڕوو (("سیمیۆلۆژیا" دەتوانێت لە ڕێگای ئەمانەوە پلەوپایەی چینی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکات، بۆ نموونە: لە سیستەمی خێڵەکیدا دابونەریتی وا هەیە شۆڕبۆتەوە ناخی نیشانە و هێما، خێڵێک لە خێلەکیتر جیادەکاتەوە، وەک پرسە و ژنهێنان)٠ (دزەیی، ٢٠١٤: ٩٧)٠"دی سۆسێر"، "سیمیۆلۆژیا" وەک زانستێکی جیاواز لە زمانەوانی دەبینێت، بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییەکی نزیکیان لە نێواندا هەیە، وایدەبینێت کە زمانەوانیی تەنها بەشێکە لە "سیمیۆلۆژیا"، یاساکانی "سیمیۆلۆژیا" دەتوانن بۆ زمانەوانیش بەکاربهێندرێت، زمان سیستەمێکی نیشانەییە کە بیرۆکەکان دەردەبڕێت، نوسینیش نیشانەیە بەڵام زمان گرنگترین سیستەمی نیشانەییە، زمانەوانیی دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی سەرەکی بۆ هەموو لقی "سیمیۆلۆژیا" (کراپین، ئۆیلەر، پۆسنێر، ١٩٨٧: ٦٢) ئەو کارەی "سۆسێر" لەبارەی ئاماژە زمانییەکان کە هەر خۆی وەکو زانست ناساند، وەنەبێت ئاوا بێ گرفت بوبێت و ڕەخنەی لێ نەگیرابێت، یەکێک لەوانە وتارێکی "بنفیست" بوو بە ناونیشانی "سروشتی ئاماژەی زمانەوانی تیۆرە زمانەوانییەکەی "سۆسێر" لە نێوان "دال" و "مەدلوول"، بە پەیوەندییەکی بێسوود ناو دەنێت. واتا: بیرکردنەوەکەی "سۆسێر" بە ناتەواو دەبینێت دەڵێت: "ئاماژە /بابەت" دیارە ئەمەش لە بۆچوونی "پێرس" نزیکدەبێتەوە. کەواتە: ئەگەر "سۆسێر" لە ڕووی زمانەوانییەوە پێکاویەتی و گەیشتبێتە ئەنجام ، ئەوا "پێرس" لە ئاماژە نازمانییەکان توانی بگاتە ئەنجام.(جامی، ٢٠٠٧: ٢١٧). "سۆسێر" زمانەوانی بە بەشێکی "سیمیۆلۆژیا" دادەنێت، چونکە ئەو تەنها یاسای لە بواری زمانەوانیدا بۆ دارِشت، بۆ دۆزینەوەی سیستەمی زمانی کۆمەڵایەتی دەبێت، پەیوەندیی ڕێوڕەسم و نەریت و ژیانی مرۆڤایەتی کە بەم ڕێگایانەوە پابەندە، لە ڕێگای "سیمیۆلۆژیا" ڕوون بکرێتەوە، هەرچەندە "ڕۆلان بارت" بە پێچەوانەوە پێیوایە "سیمیۆلۆژیا" یەکێکە لە لقەکانی زمانەوانی واتا: هزرو بیرکردنەوەی "سۆسێر"ی بە ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە و پەیڕەوی لێکردووە. (تشاندلر، ٢٠٠٨: ٣٧). ئەوەی دەبینرێت لە تێبینییەکانی "دێ سۆسێر" کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی "١٨٩٣-١٨٩٤" دەردەکەوێت کە دەنگ و نیشانەکان، بە گشتی ئامرازەکان، تەنیا لە ڕوویەکی دیاریکراوەوە دەتوانرێن پۆلێنبکرێن. بۆ نموونە: دەنگەکان دەتوانرێن لە ڕووی جوانییەوە پۆلێنبکرێن، نیشانەکان لە ڕووی قورسی بەرهەمهێنانەوە، ئامرازەکان لە ڕووی مێژووی داهێنانەوە، بەڵام بۆ پەیوەندیی، یان بەکارهێنانی ئامراز، ئەم ڕووانە گرنگ نین. بۆیە دەنگەکان لە ڕووی پەیوەندییەوە پۆلێندەکرێن، نیشانەکان لە ڕووی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، ئامرازەکان لە ڕووی کاریگەرییەکانیانەوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەیەکی کولتووری دیاریکراودا. (کراپین، ئۆیلەر، پۆسنێر، ٢٩٨٧: ٦٩). "سۆسیر" جیاوازیی لە نێوان "دال" و "مەدلوولدا" دەکات، بەمشێوەیە: ئاماژەی زمانەوانیی پەیوەندیی نێوان شتێک و ناوێک نییە، بەڵکو پەیوەندییە لە نێوان بیرۆکە "مەدلوول" و شێوەی دەنگی "دال". نیشانەی زمانەوانی لە واتا و وێنەی دەنگی پێکدێت، کە بە شێوەیەکی نەگۆڕ بەستراون بەیەکەوە. وشەی "نیشانە" دەبێت هەردوو بەشەکە لەخۆبگرێت (سۆسێر، ١٩٨٥: ١٢٣).

"ئەندری مارتینێتی" دەڵێت: ئەو یەکسانییەی لە نێوان "دال" و "مەدلوول"دا هەیە، لەوانەیە گرنگیی "دال" لەسەر ئاستی قسەکردن لەدەستبدات، وەک گەیاندنێک بۆ دەرکەوتنی "مەدلول"، ئەم بیردۆزە پێویستی بە دیاریکردنی سروشتی جیاوازیی نێوان "دال" و "مەدلوول" دەکات، کە پێویستی بە ماددەیەکی فیزیکی هەیە وەک "وێنە، شت، دەنگ" بۆ ئەوەی سیستەمە سیمیۆلۆژیەکانیتر بتوانن هەموو نیشانەکان لەژێر چەتری ماددەیەکەوە کۆبکەنەوە. (شەیبانی، ٢٠٠٨: ١٣). ئەوەی جیای دەکاتەوە ((تێڕوانینی "سۆسێر" بۆ نیشانە لەوە دایە، کە واقیعی دەرەکی لە پێکهاتەی نیشانە زمانییەکاندا وەلاوە ناوە و بەستوویەتییەوە بە لایەنی دەروونییەوە، کە لە زەین و لە دیوی مەدلوولدا جێی بۆکردۆتەوە)). (خۆشناو، ٢٠١٩، ٦٤ ). ئەو گۆڕانکاریی و پەرەپێدانەی کە (("بارت" پێداگری لەسەر دەکات، فرەیی لە مەدلوولە بۆ نیشانەیەکی دالی. لێرەدا نیشانەی زمانی و نیشانەی سیمیۆلۆژیی خۆی دەردەخات)). (مەنتک ، ٢٠١٧، ٣٤ ). بەشێوەیەک "بارت" گۆڕانکاری لە مەدلوولدا دەکات و بوارەکەی فراوان دەکات ((دەق ژ زنجیرەکا کۆدان پێکهاتییە کو د چەند ئاستاندا کار دکەت و بقی ڕەنگی دشێت لدویف ئەزموونا جڤاکی – کلتووریا خوێنەری، کۆمەکا جوراوجورا مانایان بەرهەم بینیت)) (عەبدوللا، ٢٠١٤: ٢٨٠). کەواتە: دەق ڕەنگدانەوەی ئەزموون و کولتوورە و دەتوانێت مانا بەرهەم بێنێت. بۆ بەدیار خستنی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بە نموونە: بۆ "دال"، ڕەنگی "سپی" چەندین ئاماژەی جیاواز لەخۆیدەگرێت لەناو زماندا، یان دەقێک، یان گفتوگۆیەک جیاوازبێت دەگەڕێتەوە چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی وەکو پاکی، یان ئاشتی و خۆشی، یان دڵتەنگی و شوومی لە لای نەتەوە جیاوازەکان جیاوازە. بۆیە هەرچەند زمانەوانی نوێ و زانستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشانەناسی"سیمیۆلۆژیا" بە ناوی "سۆسێر"ەوە گرێ دراوە، تیۆری پێکهاتەی نیشانەیە کە لە دوو بەشی سەرەکی "دال و مەدلول" پێک دێت. بەڵام "بارت" لەم پەیوەندییەدا کلیلێکی گرنگی بۆ لێکۆڵینەوەی سیمیۆلۆژی دۆزییەوە، بە پێی ئەم بۆ چوونە ((دەلیل ژ نیشانکاری و نیشانکری پێکدێت و نیشانکار ئاستێ دەستەواژان پێکدهینیت و نیشانکری ئاستێ ناڤەڕۆکێ دروست دکەت))٠ (طاهر، ٢٠١٤: ٣٩-٤٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ((مانا تەنها لە نێوان ئاماژەپێکەر و ئاماژەبۆکراو دا کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو مانا زەینییەی دوای ئەمان بە وشە و ئاماژە و نیشانەکان دەبەخشرێ، کردەی فرەمانایی بەرجەستە دەکات))٠ (میراودەلی، ٢٠٠٨: ٤٨)٠ ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان "دال و مەدلول"ی زمانەوانیدا هەیە بۆ جۆرێکی دیکە لە دەقی ئەدەبییدا دەگۆڕێت، "واتا" لە "دال و مەدلول"ی ئەدەبیدا هەمان ئەو شتە نییە کە لە زمانیەوانیدا هەیە، چونکە لە ئەدەبدا "سیمیۆلۆژیا" گرنگی بەو واتایانە دەدات کە لێی بارکراون، یان واتای دووەمی وشەکان، بەمەش مانای فەرهەنگی وشە لە نیشانەی زمانیدا ڕەنگە تاکە مەبەستێک یان پەیامێکی هەبێت، لە کاتێکدا ئامانجی نیشانەی ئەدەبی کە مانای پشت دەربڕینەکەیە زیاتر لە مانایەکی هەیە (ابراهیم، ٢٠٢٤: ٦٩٥)، لە ئەدەبدا "سیمیۆلۆژیا" مانای دووەم و فەرهەنگی دەخاتە ڕوو، ئەمەش وای لێدەکات مانای ئەدەبی فرەلایەنە بێت و زیاتر لە یەک مەبەست و پەیامی هەبێت. دەرکەوتنی گرنگی "سیمیۆلۆژیا" لەناو دەقێکی ئەدەبی بەتایبەت ڕۆمان بۆ خوێندنەوەی دەروونی کارەکتەری ناو ڕۆمانێک بە دیار دەکەوێت، بەهۆی سیستەمی سیمیۆلۆژی و چوارچێوەی زمانەوانی لەناو بازنەی قسەکردندا ئەرکەکەی بریتییە لە ڕێکخستنی بنچینەی ئەو دەرکەوتە دەنگییە گۆڕاوانەی لە زماندان، چونکە پەیوەندیی نێوان دەنگ و بیرکردنەوە پێکهاتووە لە هاوکاری نێوان توخمە دەنگییەکان و توخمە فسیۆلۆژییە دەروونییەکان، کە تێیدا دەروونی کارەکتەر لەڕێگایی دەنگی و نیشانەی زمانەوانی لە ناو زماندا دیاری دەکات و لە شێوەی کارەکتەرێکی دەروونییەوە پیشانی دەدات٠

ناونان و ناوی کارەکتەر:

ناو مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ ناسینەوەی ئەو گەردوونەی ئادەمیزادی تێدا دەژییێت، بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان و پێداویستییەکانیان دەبێت هەموو شتێک ناوێکی تایبەتی هەبێت ((ناوی مرۆڤ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، وەکو باوە هەر میللەتە ناو بە زمانی نەتەوەیی خۆی بۆ ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت؛ بەڵام زۆرجاران، لەبەر گەلێک هۆ و هۆکاری مێژوویی و سیاسیی و هیتر، ناوی سەر بە زمانێکی تری بێگانە لەناو میلەتێکدا بڵاو دەبنەوە، نموونەش بۆ ئەمە زۆرن نزیکەی هەر هەموو میللەتانی موسڵمان ناوی عەرەبی، یان بە ڕچەڵەک عەرەبی بە کاردێنن، کوردیش وەکو میللەتێکی موسڵمان لەم ڕێسایە بەدەر نییە))٠ (میران، ٢٠١٠: ٩٣-٩٤)٠ ناو یەکەم نیشانەی سەرەکییە بۆ ناسینەوەی کەسێک، کە لە سەرەتای ژیانی "لەدایکبوون" تا کۆتایی "مردن" پەیوەستە بە ناسنامەکەیەوە. ناو تەنها ناونیشانێکی ڕووت نییە، بەڵکو ڕێگایەکی گرنگە بۆ ئەوەی کەس خۆی بە کۆمەڵگا بناسێنێت. هەروەها ناو توانای ئەوەی هەیە بیرۆکە ناوەکییەکان وەک "بیرکردنەوە"، یان "هەستەکان" لە ڕێگای زمانەوە وەک "وشەکان"، یان "ڕەفتارەکان" پیشانبدات. بە واتایەکی تر: ناوەکان تەنیا بۆ ناو پیشاندان بەکارناهێندرێن، بەڵکو ئامرازێکن بۆ گەیاندنی قووڵاییەکانی کەسایەتیی و پەیوەستبوون بە کۆمەڵگا. (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٨٥)٠ زۆربەی وشەکانی زمان ناون بۆ شتەکان، بەڵام زۆربەی ئەم شتانە هزریین و مادی نین. لە دەقی ئەدەبیدا ناوەکان وەک نیشانەیەکی ڕوونکەرەوە کاردەکەن، ناوە تایبەتییەکان تەنیا ناونانێکی سادە نین، بەڵکو کلیلێکن بۆ کردنەوەی چەندین چەمکێکی ئەدەبی و کولتووریی. ناو لە دەقە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام زیاتر لەو دەقە ئەدەبییانە پێویستن کە بەشێوەی گێڕانەوەین٠ ((ناو و ناسناوەکان ئامرازێکی گرینگن بۆ دروستکردنی وێنەی ئەدەبی و ڕوونکردنەوەی کارەکتەرەکان. هەڵبژاردنی ناوی فەرمی، یان نافەرمییەکان پەیوەستە بە هۆکارە دەرەکییەکان وەک بارودۆخی پەیوەندیی و پلەی نزیکی کەسەکان، تایبەتمەندییەکانی ڕەفتارە خودییەکان ))٠ (ڤاسلیڤە،کرسینا، ٢٠١٩، ٣٣١٥)٠ کەواتە: ناوەکان واتاکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەگەیەنن. ئەم ڕۆڵە لە ڕۆمانەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت، وەک لە ڕۆمانە نوێیەکاندا دیارە، ناوی کارەکتەرەکان بە

شێوازێکی زیرەکانە بەکاردەهێنرێن، بۆ ئاماژەدان بە تایبەتمەندیی کارەکتەرەکان، وەک ڕەوشت، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان ئارەزووە ناوەکییەکانیان. ئەمەش پیشان دەدات کە ناو تەنیا ناونیشانێکی سادە نییە، بەڵکو ئامرازێکی هونەرییە بۆ دیاریکردنی قووڵایی و نهێنییە شاراوەکانی کەسایەتی لە ڕێگای واتادارکردنی ناوەکانیان. ((لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە بەکارهێنانی ناودا، مەبەست و گرنگیی و تایبەتی خۆی دەبێت و ناکرێت فەرامۆش بکرێت، چونکە هەر مەبەستەکەیە زانیارییمان لە بارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی ناوەکە پێدەدات، بەمەش هەموو پەیڤێک لە مرۆڤدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکەوە، یەکێک لەوانە باری دەروونی ئەدیب و خوێنەر، یان قسەکەر و گوێگرە، یاخود ئەو دۆخە دەروونییەی کە کار لە مرۆڤ دەکات بۆ داهێنانی زمانی، چونکە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان جیهانی هزر و دەرووندا هەیە))٠ (صالح، ٢٠١١: ٣٩)٠

ناوی کارەکتەرێک بنچینەیەکی سەرەکییە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە و قووڵایی ناخی کارەکتەر لەناو دەقێکی ئەدەبیدا، وەکو ڕۆمان ناوەکە دەشێت چەندین ڕەهەندی واتایی هەبێت، لەڕووی دەروونییەوە کە پەیوەستە بە گەشەسەندنی کەسێکەوە و پەیوەندییەکی نەگۆڕی هەیە بە ناوەکەیەوە، وەک خەسڵەتێک کە هاوتایە لەگەڵ کەسایەتییەکەیدا، بۆ دوورکەوتنەوە لە دژایەتیی ناو و ڕەفتاری کارەکتەرەکە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ناوەکە کاتێک بەهاکەی نووسرا بێت کە پێوەری پلەبەندی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکەی دیاریدەکات. بۆ نموونە: کاتێک چینی بورژوازی ناوێکی جیاواز بەکاردەهێنێت، تایبەتمەندییەکانی تاکەکەس دەگۆڕدرێت بۆ ئاستی خێزانەکەی و پلەی کۆمەڵایەتیان، "وەک لویسی یەکەم- لویس دەیەم". هەندێکجار ناوەکە کورت دەکرێتەوە و ژمارەی بۆ زیاد دەکرێت بۆ پیشاندانی بەردەوامی پەیوەندیی خێزانەکە بە ڕەگەزی یەکەمی خۆیەوە. تەنانەت ئایدیۆلۆژیای وڵاتیش کاریگەریی لەسەر ناوەکان هەیە، وەک لە فەرەنسادا یاساکان هەڵبژاردنی ناوی منداڵان ڕێکدەخەن، بۆ ئەوەی لە مێژوو و بەهای نەتەوەیی وڵات دوورنەکەوێتەوە. هەر بەمجۆرە یاسای ناونان لە هەر کۆمەڵگایەک هەبێت، بێگومان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگدانەوەی لەسەر دەقە ئەدەبییەکانیش دەبێت، بە تایبەتی دەقێکی وەکو ڕۆمان کە بە پێی ئەم شوێنکاتە ناوەکان دانراون٠(قسمیە، ٢٠١٠: ٣٧)٠

دانانی ناو لە دەقە ئەدەبییەکاندا پێویستە، چونکە کارەکتەرەکان یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی هەر کارێکی گێڕانەوەن، نەبوونیان واتە نەبوونی دەقێکی وەکو چیرۆک، یان ڕۆمان، چونکە ئەوان پاڵنەرێکی گرنگن بۆ پەرەپێدانی ڕووداوەکان و گەیاندنی پەیامی ڕۆماننووس بە خوێنەر. جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان کارەکتەرە ئەدەبییەکان و کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی ژیاندا هەیە، چونکە کەسایەتییە ئەدەبییەکان تەنیا لە ڕێگای وشەکانەوە بوونیان هەیە و پێکهاتە، یان ڕەفتاری فیزیکیی ئەوتۆیان لێ بەدی ناکرێت. ((هەر ڕۆماننووسێک خاوەنی شێوازێکە بۆ ناونانی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەی، بێگومان جۆری دەقی ڕۆمانەکەش بۆ خۆی شێوەی ناوەکان دیاریدەکات))٠ (صالح، ٢٠١٩: ٨٨)٠ کەواتە: ناوەکان لەگەڵ چەشنی ڕۆمانەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەروەها شێوازی ڕۆماننووسانیش جیاوازە هەم لە نوسینی ڕۆمان، هەم بۆ ناولێنانی کارەکتەر٠ بۆپیشاندانی کارەکتەر لە ڕۆماندا ((چەشنی بەڵگەیەکە کە دوو ڕووی هەیە: یەکێکیان نیشانە، ئەویتریان چەمکە٠ کارەکتەر "نیشانەیە" کاتێک چەند ناوێک، یان سیفاتێک ناسنامەکەی پێکدەهێنن، کارەکتەر وەک "چەمکێک" بریتییە لە کۆی ئەوەی لە ڕێی ڕستە جیاجیاکانی دەقەوە، یان لە ڕێی ئەو قسە و گوفتارانەی لەبارەیەوە دەگووترێت، بۆیە وێنەکەی تەواو دەرناکەوێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە دەقەکە دەگاتە کۆتایی و هیچی دیکە نامێنێت بۆ ئەوەی لەبارەیەوە بگووترێت))٠ (ئەلۆەنی، ٢٠٢١: ١٧)٠ ناولێنانی کارەکتەر کە ئەرکی ڕۆماننووسە، بەشێوەیەک خوێنەر دەتوانێت لە کۆتایی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەو قوڵبوونەوەیە بکات کە ناوی کارەکتەرەکان دەرخەری کۆمەڵێک زانیاری و نهێنی کارەکتەرەکانن٠ ((لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی هاوچەرخەوە، کارەکتەرەکان پێکهاتەیەکی واتایی و زمانەوانین، کە پەیوەندییان بە سیستەمی ناوەکی چیرۆکەوە هەیە. بۆ نموونە: "فیلیپ هامون" کارەکتەرەکان وەک "یەکەی واتایی" دەبینێت کە دەتوانێت هەندێکجار وەک نیشانەیەکی زمان، یان تەنانەت ماددەیەکی خواردن وەک "کەرە"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چیرۆکێکی چێشتخانەدا دەربردرێت. ئەمە نیشانەیەکییە لەوەی کە کارەکتەرەکان تەنیا کەسایەتیی نین، بەڵکو دەتوانن واتا و پێکهاتەی چیرۆکیش بگۆڕن))٠ (قسميه،٢٠١٠،١١). تێڕوانینی ڕەخنەگران بە جۆرێکە کە کارەکتەر دەتوانێت ببیتە هۆی گۆڕینی واتا و پیکهاتەی گێڕانەوە بەهۆی واتادان بە لایەنە جیاوازەکانی ناو ڕۆمان، کە مەرج نییە ئەو ناوە بۆ مرۆڤ بێت، تەنانەت ناوی شتی تریش تێکەڵ بە کارەکتەر دەکرێت٠ ((پرۆسەی هەڵبژاردنی ناو لە ڕۆمان و ناونانی کارەکتەرەکان تەواو جیاوازە لە پرۆسەکانی ناونانی ئاسایی، چونکە لە ڕۆماندا ڕۆماننووس تەواوی ئەو ڕەوشت و ئاکارانە بەرجەستە دەکات، کە لە ڕێگای ناوەکە بە کارەکتەرەکەی بەخشیووە، بەڵام لە ناونانی ئاسایی کەسێک ناونراوە "جوان" لەوانەیە جوانیش نەبێت، ئەمەیە وامان لێدەکات بڵێین: لەناو ڕۆماندا ناونانی کارەکتەرەکان ڕێک هەست و سۆزی ڕۆماننووس دەردەبڕێت))٠ (صالح، ٢٠١١، ٤٤)٠ ڕۆماننووس لە ڕوانگە دەروونییەکانی خۆیەوە ئەو ڕۆڵەی بە کارەکتەرەکان دەدات، بۆ ئەوەی ئەو ناو و ناسناوانەی هەڵیدەبژێرێت گونجاوبێت، چونکە کۆتاییەکەی لە لای ڕۆماننووس داڕێژراوە و دەزانرێت، کە ژیانی هەریەک لە کارەکتەرەکان بە چ ئاڕاستەیەک هەنگاو دەنێت، بۆیە بەشێوەیەک گونجاندوویەتی کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی بۆی داندراوە، ئەمەش پێچەوانەی ناونانی ئاساییە، چونکە لە کاتی لەدایکبوون و ناونانی شتێکی ئەو تۆ لەسەر دواڕۆژی دیارنییە، کە بە ناوەکەی ببەستێتەوە، بەڵام بۆ ڕۆماننووس ئەو ناوە، یان ناسناوەی هەڵیبژاردووە تەواوکەری ئەو کارەیە کە لە گێڕانەوەکە ڕۆڵی تیا دەگێڕیت، چونکە دەبێتە بەشێک لە تەواوکەری کەسایەتییەکەی٠ لێرەدا ئەگەر هیچ پەیوەندیەک نەبێت لەنێوان "ناو و ناولێنراو" کە بۆچونی زمانەوانی "سۆسێر"ە بەڵام لەناو دەقێکی وەکو ڕۆمان تەواو پێچەوانەیە چونکە ڕۆمانووس بەمەبەست و ئاگادار ناو بۆ کارەکتەرەکان هەڵدەبژێرێت٠ بەڵام بۆ ناسناو جیاوازە، چونکە ڕەنگە نزیکییەک هەبێت لە پێدانی ناسناو لە ڕاستی و لەناو دەقێکی وەکو ڕۆمان٠ بۆ نموونە: وشەی "ئەسرین" دەکرێت وەکو ناسناو لەدوای ناوی تایبەتی کارەکتەرەکە بێت، کە ڕۆماننووس بۆ کوڕێکی گەنجی هەڵبژاردووە بێگومان دەبێت دیوێکی تری هەبێت کە لە

کوردیدا بە واتای "فرمێسک" دێت، ئەوەش ڕەهەندێکی دەروونی لە دواوەیە کە وایکردووە ناساوێکی هەبێت دەلالەت بێت بۆ خەمێک کە نەتوانرێت ڕاستەوخۆ دەرببڕێت، بۆیە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ تاکو بە دوای هۆکارە دەروونییەکەیدا بگەڕێت. ئەمجۆرە ناسناو پێدانە دەکرێت لە ژیانی واقعیشدا ببینرێت، کە پەیوەندی بە لایەنە تایبەتیەکانیەوە هەبێت لە هەڵبژاردنی ناساوێکی گونجاو.

## ناسناو و ئەفراندنی لە ڕۆماندا:

ناسناو، کارێکی تایبەتییە لەناو کۆمەڵگا بۆ تاکەکانی دەسازێنرێت، ناسناو تەنیا بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان بەکارناهێنرێت، بەڵکو وەک نیشانەیەکی خۆشەویستی، گاڵتەجاڕی، یان ڕێزگرتنیشە. بۆ نموونە: ناساوێکی وەک "لوولە"، یان "سوورە" دەکرێت پەیوەندیی خێزانی، یان هاوڕێیەتییەکی نزیک بسەلمێنێت. هەروەها ناسناوەکان هەندێکجار ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسەکەن وەک شارەزایی، پیشە، یان سەرنجڕاکێشییەکی دیاریکراو کە لە کەسی ناسێنراودا هەیە. ((ناسناو دیاردەیەکە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی مرۆڤدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و بە درێژایی ئەو مێژووە تیکەڵ بە دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانیش دەبێت هۆکارەکانی دروستبوونی دەگۆڕێت، ئەگەر سەرەتا بۆ ناسینەوەی کەسەکان بوو بێت، ئەوا ئێستا بۆ کۆمەڵێک هۆکاری تریش بەکاردێت، کە تایبەتن بە واقیعی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەوروبەری بەکارهێنان و لایەنە پراگماتییەکانی بەکارهێنانەوە)). (خضر، ٢٠١٥: ٤٢). واتە: هەر لەگەڵ پەیدابوونی ناو لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ئەفراندنی هەمەلایەنی هەبووە و بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، بە جۆرێک ئێستا گەیشتۆتە لایەنە پڕاگماتیکییەکەی کە جۆرێکی شاراوە و ناڕاستەوخۆیە. لە ڕووی زمانەوانییەوە ((ناسناو لە دوو برگەی ناس"ناسین" + ناو = ئەو ناوەی کە ناوی تایبەتی پێدەناسرێت. ناسناو لقێکە لە زانستی ئەنترۆپۆنیمیک و بایەخێکی زۆر گرنگیی هەیە لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و واتاناسییەوە)). (سمایل، ٢٠٢١: ٤٦). ئەرکی سەرەکیی ناسناو ناسینەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسەکانە بەهەمان ئەو شێوازەی خراوەتە سەر ناوە تایبەتییەکەی٠ بۆیە ناسناو هۆکاری بەکارهێنانی بۆ چەند لایەنێکی جیاواز دەگەڕێتەوە. کە ئەرێنی و نەرێنییە، چونکە هەندێکجار لەسەر ڕەزامەندی ناولێنراوە کەچی لە بەرامبەردا هەندێکجار بە پێچەوانەوەیە کۆمەڵگا لەبەر هۆکارێک بەسەریدا سەپاندووە، بەشێوەیەکی سەرەکی زیاتر ئەم جۆرە ناسناوانە بەکاردێت٠ چەندین زاراوەیتری جیاواز پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ناسناودا هەیە، لە کاتی بەکارهێنانییاندا هەندێکجار تێکەڵ بە ناسناو دەبن وەک ((ناو، ئەدرێس، ناتۆرە، تابۆ، کونیە، ناوی خوازراو، نازناو))٠ (خضر، ٢٠١٥: ٣٥)٠ دیارە ئەمانەش زیاتر بۆ هۆکارێکی تایبەت و لە شوێن و کاتی جیاواز لەناو کۆمەڵگادا بەکاردەهێنرێت٠ بەڵام زۆرجار "ناسناو و نازناو" تێکەڵ بەیەکتر دەکرێت بەڵام لە بنەڕەتدا جیاوازیان هەیە بەجۆرێک "نازناو" بەشێکە لە "ناسناو" زیاتر بۆ لایەنی نازدان بە کەسە خۆشەویستەکان دەسازێندرێت، ئەم جۆرەیان زیاتر لە کورتکردنەوەی ناوی تایبەتی کەسەکە بەکاردێت ((نازناو دەربڕینی هەست و سۆزێکی ئەرێنییە لە بەرامبەر هێما بۆکراوێکدا دروست دەبێت، کاتێک کە کەسەکە نزیکەکانی ناوەکەی خۆی بە هۆی هێز و ئاوازەوە دەگۆڕن، لەسەر زاریان بەهێزتری دەکەن. "ئەفلاتوون" ئاماژە بە هۆکارەکانی گۆڕانی ناو دەکات و دەڵێت: "بۆ ئەوەی دەربڕین ئاسانتر، گەنجانەتر، ڕێکتر بێت، یان شێوەی ناوەکە جوانتر بێت، گۆڕان لە ناوەکەدا دێتە ئاراوە))٠ (خضر، ٢٠١٥: ١٨)٠

ناسناوەکان لە سیفاتی کەسیی، یان تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، وەک وێنەی درێژایی قەد، ڕەنگی قژ، یان شێوازی ڕەفتار، کە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕ یان خۆشەویستانە بەکاردەهێنرێن. لە جیهانی ئەمڕۆشدا، ناسناو هەندێکجار وەک ڕێگایەک بۆ پاراستنی ناوی ڕەسەن و بەدەستهێنانی نەناسراوی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەکاردەهێنرێت. لە کۆمەڵگای کوردیشدا، ناسناوەکان بەشێکن لە کولتوور و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیی، هەندێکجار پەیوەستن بە ڕووداوە مێژووییەکان، یان چیرۆکە کۆنەکانەوە کە لە ناو خەڵکدا بەردەوامن. بە کورتی ناسناو تەنها ناونیشانێک نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی هەست، پەیوەندییەکان، تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام لە ناو ڕۆماندا ئەم زاراوانە زۆربەیان لەکاتی گێڕانەوە هەستیان پێدەکەین چونکە ڕۆمان نزیک خستنەوەی گێڕانەوەیە لە واقیع، بۆیە دەکرێت بۆ کارەکتەرەکان هەریەکەیان دوای ناوی تایبەتییان یەکێک لەم ناسناوانە بە لێکدراوی لەگەڵ ناوی تایبەتییان بێت، بۆمەبەستیکی جیاواز، بۆ بەردەوامی ڕەوتی گێڕانەوەکە و گونجاندنی لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی تێیدایە، بۆ ئاسانتر گەیشتن بە ناسینی کارەکتەرەکە٠ ئەفراندنی ناسناو بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان ئامرازێکی هونەرییە بۆ ئەفراندنی جیهانێکی خەیاڵی قووڵ و کاریگەر. ((کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەسەر کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز بنیاتدەنرێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی و بیرکردنەوە و کردەوەکانی ناو کەسانی ژیانی واقیعی پێ بخرێتە ڕوو، کارەکتەرەکان لە لایەن ڕۆماننووسەوە داهێنراون و دەرکەوتنیشیان لەناو ڕۆماندا جگە لەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی و هونەرییان هەیە، هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازیی ناو کۆمەڵگان))٠(حوسێن،ئەلوەنی، ٢٠٢٤: ٨٥)٠ ناسناوەکان تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر ڕوون دەکەنەوە، وەک کەسایەتیی، ڕۆڵ، یان پەیوەندییان بە چیرۆکەوە، هەروەها یارمەتی خوێنەر دەدات کارەکتەرەکان لە ڕێگای ناوە هێماییەکانیانەوە بناسێت٠ بەنموونە: لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا وەکو گوڵەباغ و لیوزێڕین و شێواز و ڕامبۆ، یان چەندین ناسناو کە زیاتر پیشاندانی پلە و پایەی کارەکتەرە، دەبێتە هۆی زووتر ناسینەوەی کارەکتەر، دەکرێت هەریەک لە ناسناوانە چیرۆکێکی تایبەتی لە دواوەبێت، لە هەندێک کاتدا ناسناوەکان پارێزگاری لە ڕەوتە هەستیارییەکانی کۆمەڵگا دەکەن، یان پەیوەندیی کارەکتەر بە کولتوور و مێژووەوە دەنوێنن، وەک ناسناوێکی کوردی "کیسرا و ئاموون" کە ئاماژەیە بۆ جۆرە دەستەڵاتێک لە مێژوودا ناویان هاتووە. بە کورتی ناسناو تەنها ناوێکی سادە نییە، بەڵکو کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی جیهانی خەیاڵ و گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە ڕۆماننووس دەیەوێت، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بیانڵێت. ((ناوی کارەکتەرەکان ،چەمک و بەدواداچوونی سەرەکی لە لای خوێنەر دەرسکێنێت، بە تایبەتی ئەگەر ناوەکە بە ئاوەڵناو و نازناوێکەوە لکا بێت، وەک :"ساڵە شێت" و "ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو". جاری واش هەیە، هەڵبەتە گشت کارەکتەرەکان هەڵگری ناو و سیفات و ڕەوشت و ڕابردووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیانن، بە گوێرەی ئەو خاڵانە دەبزوێن و هەڵوێست دەنوێنن. پەیوەندییان بە خێزانییانەوە، بە کۆمەڵییانەوە، بە زێدییانەوە، بە دەروونی خۆیانەوە، لە ئەنجامی کەسایەتییەکەیانەوە)). (سەڕاج، ٢٠٠٧: ١٢).کەواتە: بە هێنانی ناوی دووەم بۆ کارەکتەر، یان ناسناو زیاتر بڕوا لە لای خوینەر دەسازێنێت و زیندووییەتی پێدەبەخشێت و وادەکات لە زەیندا بمێنێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ناسناوەکە وشەیەکی جیاواز و دەگمەن بوو، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ گەڕان بە دوای هۆکاری ناسناوەکەی، هەروەها دەرنگتر لە بیریان دەکات، بۆیە ناسناوەکان یارمەتی جیاکردنەوەی کارەکتەرە هاوشێوەکان دەدەن، یان گۆڕانکارییە ناسنامەییەکانیان لەنێو ڕۆماندا دەشارنەوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەوە، ناسناوەکان دەکرێت پەیوەندیی کارەکتەر بە مێژوو، یان کولتوورێکی دیاریکراوەوە دابنێن، وەک ناوی "کەیخوسرەو "، یان "سەحاف" کە ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی، یان شوێنێکی گرنگ دەکات. بە گشتی ناسناو تەنها ناوێکی سادە نییە، بەڵکو ئامرازێکی هێماییە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە ڕۆماننووس نایەوێت یان ناتوانێت ڕاستەوخۆ بیانڵێت، هەروەها بۆ زیادکردنی قووڵایی و ڕووشنایی نوێ بۆ جیهانی خەیاڵئامێزی ڕۆمانەکە.

## بەشی دووەم: سیمیۆلۆژیای ناو و ناسناوی کارەکتەر لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"

### ١- پەیوەندیی ناو و ناسناوی کارەکتەر بە لایەنی دەروونییەوە:

پەیوەندیی دەروونی کارەکتەر بە ناو و ناسناو لە ڕۆماندا، ڕێگایەکی ڕوونە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس ڕووی نهێنییەکانی ڕەفتار و ئەزموونی ناخی کارەکتەرەکە ڕۆشن بکاتەوە. کارەکتەر پێکهاتەیەکی جووڵاوە کە سیستەمە دەروونی و جەستەییەکانی یەکدەخات و دەیگونجێنێت لەگەڵ خۆیدا، بەمشێوەیەش ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی تاکەکەس دیاریدەکات. بۆیە سیفەتە ناوەکییەکان لە کارەکتەرێک بەشێوەیەکە پێکهاتەی تەنیا لە ڕووی دەروونی، یان

جەستەییەوە ناگرێتەوە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە هەردوو ڕەگەزەکە. یەکێک لە سەرەکیترین خەسڵەتەکانی کارەکتەر جیاوازیی لە نێوان کارەکتەرەکانە، چونکە دوو کارەکتەر بە هیچ شێوەیەک یان کتومت لەیەک ناچن. کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە لە خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگادا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی دیاریکراوەوە ڕوودەدات، هەروەها کارەکتەر جیاوازییەکانی تاک دەگرێتەوە لە بواری هەستەکان، پاڵنەرەکان، فێربوون، بیرکردنەوە و زانیارییەکان ڕوونددەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکاندا تاکەکەس وەک یەکێتییەکی تەواو سەیر دەکرێت کە هەموو پێکهاتەکانی لەگەڵ یەکدا ڕێکخراون، جیاوازی لە زۆربەی لایەنەکانی دەروونناسی، دەروونی کارەکتەر زیاتر تیشک دەخاتە سەر سیفەتە ناوەکییەکان بە بەراورد بە کاریگەرییە دەرەکییەکان. (خوری،٢٠٠٦: ١٩).

١-"عەلی شەرەفیار" کاتێک باسی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ "شارۆخ" دەکات، بەمجۆرە لایەنە دەروونییەکەی لە ڕێگای وشەیەکەوە دەخاتەڕوو "دڵشکاوترین" کە ئەمە بەسە تاکو پێناسەی دەروونی کارەکتەرێکی پێبکەیت. ((بە کەمێک پەشۆکان و ناحاڵیبوونەوە لێمی پرسی: بەڵام بڵێم کێ ئەم شتانەی بۆ ناردویت؟ گوتی: بڵێ "شارۆخی شارۆخ"، "شارۆخ مەهدی شارۆخ" دڵشکاوترین نەیژەنی دونیا تا ڕۆژی قیامەت)). (عەلی، ٢٠٠٥: ٩). بۆ پەیوەندیی ناوی، یان ناسناوی کارەکتەرەکە بە لایەنی دەروونی، ناوی "شارۆخ" لە "شاه رووخ" ی فارسییەوە وەرگیراوە و لە کوردیدا سواوە و بووە بە "شارۆخ" واتە خاوەن سیما و ڕوخسارێکی جوان و گەش، بەڵام ناوی باوکی کە "مەهدی"یە بە واتای "ڕێگا پیشاندەر" دێت کە دەکرێت ئەمە سەرەداوێک بێت بۆ گێڕەرەوەی سەرەکی، کە شەرەفیارە گێڕانەوەکەی لەو خاڵەوە دەستپێبکات، هەرچەندە لەناو ڕۆمانەکە ئەم کوڕە مۆسیقاژەنە، لە ژیان نەماوە لە سەربازیدا کوژراوە، بەڵام وا سەیری دەکرێت لە دونیای جاویدان بە نەمریی ماوەتەوە. نیشانەی زمانەوانیی وەك کارەکتەرێکی دەروونی سەربەخۆیە لە ویستی قسەکەرەکە. بەقسەی"فێردیناند دو سۆسێر"، تەنها لە ناوچەی کۆمەڵایەتیدا دەتوانرێت هەموو ئەو جیاوازییە دیاریکراوانەی دەزگای زمانەوانیی لابردرێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمان وەک بەهێزترین سیستمی نیشانەیی دەبێتە مۆدێلێک بۆ زانستی نیشانەکان، جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان "نیشانە" و "هێما". هەموو سیستەمە نیشانەییەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ڕەفتاری کۆمەلایەتی و نەریت دروست دەبن، نەک لەسەر بنەمای سروشت. کەواتا ئەو ناوەی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگایە، چونکە "مەدلول" بریتییە لە ڕەفتاری کۆمەلایەتی و پەیڕەویکردنی نەریتی، نەک لە مانای ناخی تاکێک(سۆسیر، ١٩٨٥: ١٢٥)٠

٢- (("پەپوولە جەمالم" دۆزییەوە، کچێکی جوان کە بەردەوام ناوچاوانی بە پەڕۆیەکی سپی بەستبوو، ئەو کچەی لە خەویدا هەموو شەوێک فریشتەکان دەهاتن و دەستییان بە نێوچاوانیدا دادەهێنا و چاکیاندەکردەوە، لە ماڵی کوڕی پوورێکی دەژیا کە شەوان بە زۆر پەڕۆ سپییەکە لە ناوچاوانی لادەبرد و لاقەیدەکرد. "پەپوولە جەمال" یەکەمین ناو بوو کە نەیدەتوانی بێت بۆ دادگاکەی من، یەکەمین قوربانی بووم کە گووتی: کوڕی پوورەکەم ناهێڵێت لێرە بچمە دەرێ، مرۆڤێک بوو مەحکووم بە زیندانییەکی ئەبەدی، لەو کەسە بەدبەختانەی، هیچ ئادەمیزادێک ناتوانێت هیچیان بۆ بکات)). "پەپوولە" ناوی زیندەوەرێکی ناسکە بەردەوام لەسەر گوڵان هەڵدەنیشێت و هەڵدەفرێت، بەڵام "پەپوولە" لە ڕووی دەروونییەوە نیشانەی گۆڕان و جووڵەی ئەرێنییە لە ژیانی مرۆڤدا، کە پێویستیی بە گۆڕانی ئەرێنیی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی، کاردەکاتە سەر هەموو ڕووەکانی ژیان. بۆ ڕێنماییکردنی منداڵان بەشێوەیەکی ئارام و دوور لە ترساندن گرنگە، چونکە ترساندن دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرچاوەکانی نائارامی دەروونی لە کاتی گەورەبوونی منداڵدا. لە کولتووورە جیاوازەکانی جیهاندا، "پەپوولە" وێنەی گۆڕان و پەیوەندییە گیانییەکانە چەندین واتای جیاواز لە خۆی دەگرێت و زۆربەشیان واتای جوان و ناسک و ئەرێنین٠ (بەرعیمە، ٢٠٢٢)٠لەم ڕۆمانە ناوی "پەپوولە" وەکو ناوی کارەکتەرێکی ئافرەت بەکاردێت کاتێک برایەکەی لە ترسی زوڵم و ستەم و گرتن لە دەست ڕژێمی بەعس ڕادەکات، ئەوان بە زوڵم بەرامبەر خوشکی بە ئەشکەنجە بە شیشی سوورەوەکراوە لەسەر نێوچەوانی دەنووسن "قەحپە"٠ ئەمەش دەبێتە هۆکارێک تاکو بەمجۆرە کورە پوورەکەی دەستی بەسەردابگرێت و بۆ حەزەکانی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاریبهێنیت، ترسێکی وای بۆ دروست بکات تەنانەت نەتوانێت تۆڵەی ئابڕووی تکاوی خۆی بکاتەوە، ناهێڵێت کەسیش یارمەتی بدات "پەپوولە جەمال" وەک ناوێکی هێمایی "پەروانە" ، لە ڕووی دەروونییەوە نیشانەی گۆڕان، ناسکی، ئارەزووی ڕزگارییە، بەڵام لەژێر کاریگەرییە ڕووخاوە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانە. ناوەکەی پەیوەندی بە بیرۆکەی پارێزی دەروونی و نەتوانینی داکۆکی و بەرگریکردنەوە هەیە، کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان و جڵەوگیری کوڕی پوورەکەی دروستبووە. ئەو لە خەونەکانیدا فریشتەکان نێوچاوانی چاکدەکەنەوە، ئەمەش ئارەزووی ناخی بۆ چاکبوونی پیشاندەدات، هەروەها دەرخەری پەراوێزی دەروونیەتی کە بەهۆی ترس و نائارامییەوە سەریهەڵداوە. "پەپوولە" وەک هێمایەکی کولتووری، گۆڕان و گیانێکی جوان و ناسک و بێگوناهە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئەم واتایە پێچەوانەکراوەتەوە بە هۆی پێرەو و پەروەردەی ناتەندروستی خێزانەکەی، کە وایان لێکردووە ببێتە ئاماژەیەک بۆ شکستخواردنی گۆڕان و گیرۆدە و ئازاردانی گیان لە کۆمەڵگایەکی ستەمکار. بەو پێیەی ڕۆماننووس لەناو ئازار و ژانی ئەو وڵاتە ژیاوە، بۆیە دەکرێت هەموو ئەو ڕووداوانەی دەیگێڕێتەوە کەمترین ئازاربێت کە خۆی بینیویەتی، دەربڕینی ئەو واقیعە تاڵەیە لەبەر ستەمی سیاسەت، کچەکان دەکاتە خۆڵەمێش، ئەگەرچی بۆ پیاوەکانیش سیاسەتی بەعس هۆکاری ستەمێکی گەورە بووە، بەڵام بە ڕاکردنیان هەنگاوێک دورکەوتونەتەوە، کەچی سەرەڕای ئەم ستەمە دووبارە کچەکان دەبنە سووتەمەنی و نێچیری پیاو٠

٣- کاتێک گێرەڕەوە باس لە دەروونی دایکی "سەرهەنگ قاسم" دەکات ((دایکی ژنێکی گەنجتر و جوانترە کە نیگایەکی پڕ سۆزی هەیە، بەڵام چاوانی هەمیشە ترسی تێدایە کە مرۆڤ تێناگات لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە)). (عەلی، ٢٠٠٥: ١٧)٠ بێ ئەوەی ناوی ئەم کارەکتەرە بێت لە ڕێگای وەسفی چاوەکانی دەکرێت لایەنە دەروونییەکەی پێشبینی بکەین، چونکە ترسی لەدەستدانی "سەرهەنگ" وای لە دایکی کردووە، خەمێک لە ناوەوە ئازاری بدات٠ نیشانەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ کارەکتەرێک کە لەژێر سایەی ترسێکی نادیاردا دەژییێت، پێناسە دەروونییەکان ڕۆڵی کارەکتەرەکە وەکو کەسێکی بێهیوا و لەدەستچووی ئاواتەکانیان ڕوون دەکەنەوە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکچوونی نێوان خەونە جوانەکان و ڕاستییە تاڵەکانی ژیانی هەیە. بەمشێوەیە ڕۆمانەکە دەکەنە گێڕانەوەیەکی پڕ لە ڕوناکی و نهێنییەکی پەیوەندیدار بە مێشک و دڵی کارەکتەر.

**٢- پەیوەندیی ناو و ناسناوی کارەکتەر بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە:**

لە ڕۆماندا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بە تایبەتی لە ڕێگای ناو و ناسناوەکانییانەوە ڕوون دەکرێتەوە، چونکە ناوەکان لە کولتوور و کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگییان هەیە. نیشانەکان تەنیا لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەن، لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانرێت ئەو تایبەتمەندییە زمانەوانییانە دەربخات، کە پەیوەندیی زمان بە دامەزراوەکانی ترەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای چەندین هاوبەشی نێوان سیستەمی نیشانەکان و سیستەمی زمانەوانیی دەکرێت. هەندێکجار ناوەکان وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەگەز، یان سروشتی کارەکتەرەکە دەستنیشان دەکرێن بۆ نموونە: ناوێکی وەک "دکتۆر موسای بابەک"، یان "موحسینی لوولە ساز" دەتوانێت بەسترابێت بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، یان مێژووییەوە، لەکاتێکدا ناسناوەکان زیاتر باس لە تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر، یان ڕووداوێکی دیاریکراوی ژیان دەکەن. ناسناوێکی وەک "تریفەی زستان"، یان "لێو زێڕین" ڕەنگە ئاماژە بە ڕەوشتی کارەکتەر، یان شێوازی ژیانی بێت. بۆیە سەرچاوەکەی بە جۆرێکە کە زۆربەی سیستەمە دەربڕینەکان لەسەر بنەمای ڕێکەوتن کاردەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی سەربەخۆیی پەیوەندییەکان. (شەیبانی، ٢٠٠٨: ١٤). "باختین" لەبارەی پەیوەندیی کۆمەڵگا لەسەر ڕۆمان و ڕۆماننووس پێیوایە ((شێوازی گونجاوی ژانری ڕۆمان تەنیا دەبێت کۆمەڵایەتی بێت. گفتوگۆی کۆمەڵایەتیی ناوەکی وشەی ڕۆمان ئەوە دەخوازێت چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی دیاری ئەو وشەیە ڕوونبکاتەوە، کە دەسەڵاتی بەسەر بنیاتی شێوازەکەیدا هەیە "شێوەکەی و ناوەڕۆکەکەی")). (ئەلۆنی، ٢٠٢١: ١٢٦). لەم ڕۆمانەی وەرمانگرتووە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناو و ناسناوەکان لەلایەن ڕۆماننووسەوە بۆ کارەکتەرەکان هەڵبژێردراون بەجۆرێک خوێنەر وا هەست دەکات ئەم شێوازە ناو و ناساوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو واقیعی کۆمەڵگا دەبینرێت. ١-"محەمەد فیردەوسی" کە پێشتر ڕوو و لایی چەپی دەم و چاوی تەواو شێواندرا بوو، شوێنی شەڕە چەقۆی ڕۆژانی گەنجی تا ئەوکاتەش بە ڕووخساری دیاربوو وەک کوڕێکی شەڕانگێز ناسرابوو، تا تەمەنی گەیشتبووە بیست ساڵی لەسەر شەڕەچەقۆ چەندینجار چوو بوو بۆ بەندیخانە و گیرابوو، خەڵکانێک ناویان لێنابوو "محەمەد ڕامبۆ" بەهۆی بەلەنگاز و شەڕانگێزی کێشە درووستکردن. (عەلی، ٢٠٠٥: ٣٦٤).لێرەدا کۆمەڵگا بەرپرسە لە پێدانی ناسناوێک، کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی گونجاوبیت چونکە ناسناوی "ڕامبۆ" بۆ ئەکتەرێکی سینەمایی شەرانگێز و چاونەترس دەگەڕێتەوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە کارەکتەرەکان بەرهەمی تایبەتمەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین و پەیوەندییە کارەکییەکانی وەک خێزان، کار، و کۆمەڵگا ڕوونیان دەکەنەوە. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بە تەنها و جیاکراوەیی بژییێت، بۆیە کارەکتەر بە کۆمەڵێک توخم دادەنرێت لە ڕێگای پەیوەندییەکانەوە پەرەدەستێنێت، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە پەیوەستی کۆمەڵگا، بەهۆی شوێن و پایەکی دیاریکراوەوە دیار دەکرێت. وەک کۆمەڵناسان پێیانوایە: مرۆڤ وەک ئەکتەرێک لە شانۆی ژیاندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، کە بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا ڕەفتار دەکات. ئەم ڕۆڵانە یارمەتی مرۆڤ دەدەن خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا هاوسەنگ بکات و پەیوەندی و کاریگەرییەکەی دروست بکات. (خوری، ٢٠٠٦: ٦١). کەواتە :کارەکتەرەکان پەیوەستن بە لایەنە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، ناونانیش وەکو بەشێکی سەرەکی بە زۆرینەی دەنگی کۆمەڵگا دێتە بەرهەم بەجۆرێک ناسناوەکانیش هەڵقووڵاو ڕێکەوتنی ناو کۆمەڵگان.

٢- ((چۆن پێشتر "ئیسحاقی لێوزێرین" بۆچوونی منی لەسەر زمانی کوردی گۆڕی بوو، کوردیش لای من زۆر جار زمانی تووڕەبوون و جنێودان و هاوار هاواری ناو کوچەکان و دەمەقاڵی ناو بازاڕبوو، زمانی قیرە قیڕ و زۆر بڵێی بێمانا بوو، بەڵام "ئیسحاقی لێوزێڕین" یەکەمین کەس بوو منی والێکرد تێبگەم کورد چ توانایەکی نهێنی و سەیری تێدایە. دوای گوێگرتن لە "سامیری بابلی" گەیشتمە ئەو بڕوایەی هەموو زمانەکانی دونیا تەنیا چەند کەسێکی کەم دەتوانن قسەی پێبکەن)). (عەلی، ٢٠٠٥: ١٦٧).ئەم قسانەی "جەلادەت" بەڵگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاشکران لەسەر گەورەیی "لێوزێڕین" کە هەر قسەیەکی وتبێت دەکرێت بەهۆیەوە تێڕوانینەکان بگۆڕێت و وەکو مامۆستایەکی گەورە لێی بڕوانرێت "ئیسحاق" بە واتای پێکەنین دێت (خەرابەیی، ٢٠١٣: ٢٨)٠ ئەم ناوە لەگەڵ دەروونی کارەکتەر پێچەوانەیە و پەیوەندیی نییە لە نێوان ناو و ناولێنراو لەگەڵ بیردۆزی "سۆسێر" گونجاوە٠ هەروەها ناسناوی "لێوزێڕین" هەم لەبەر فلووتلێدانی، هەم زیرەکی و دانایی لە گووتن و تێڕوانینەکانی، دەکرێت لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەم ناسناوەی پێدرا بێت٠

٣- ڕۆماننووس لە لێنانی ناو بۆ کارەکتەرەکان بەجۆرێک گونجاندویەتی کەوا هەست دەکرێت واقیعێک دەگێڕێتەوە بۆ نموونە: "فەهمی بەسری" ناسراو بە "ئوستاز فەهمی"، یەکێک بوو لە مامۆستا گەورەکانی مۆسیقا کە ناسناوەکەی گۆڕدرا بوو، بەهۆی پیشەکەیەوە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە پێیدرا بوو، بەهۆی مەترسییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی لەبەر لایەنی سیاسیی، بەردەوام بوو لە گۆڕینی ئاڕاستەی ئەو کەسانەی کە توانایەکی باشیان هەبوو لە ژەنینی مۆسیقا، بۆ بێوەیی و دروستی لەسەر ژیانیان دەبووایە فێری لەبیرچوونی مۆسیقایان بکات، یان فێری جۆرە مۆسیقایەکیان بکات لەگەڵ ئارەزوو و ڕابواردنی سیاسیەکان گونجاوبێت، کەشوهەوای باڕ و تیاترۆخانەکانیان بۆ خۆش بکەن، لێرەدا مەبەستمان ناسناوی پیشەکەیەتی بەهۆی کارەکەی "ئوستاز" واتا "مامۆستا"ی لەبیرچوونەوەی مۆسیقا کە وەک پیشەی ئەو کارەکتەرە سەیر دەکرا٠

٤- بۆ ناوی کارەکتەرێکیتر کە"عیزەت وەردان" بە "ئەبوو وروود" ناسرابوو یەکێک بوو لە مۆسیقا ژەنی مەلهاکانی "پرتەقاڵی سپی" کە زۆر سەرسامی "جەلادەتی کۆتر" بوو، یان "هودا تەواب" کە بەردەوام بە "هودهود" بانگییان دەکرد یەکێک بوو لە کچە بچوک و ناسکەکەی پرتەقاڵی سپی (عەلی، ٢٠٠٥: ١٣٥)٠گۆڕانکاریی ئەم ناوانە بە کورتکردنەوە و پێدانی ناسناوی وەکو "ئەبو "کە لە لای عەرەب زۆر بەکادێت، واتای "باوکی ورود" ئەم جۆرە کولتوورە مێژوویکی کۆنی لەناو عەرەبدا هەیە، ڕێگایەکە بۆ ناو هێنانی منداڵی گەورە لەگەڵ دانەپێشی "أم، أبو" واتا بە دایکی فلان، یان باوکی فلان دەناسرێت٠((ناولێنراو بە گوێرەی بارودۆخی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیی دەڕوات، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر یەکەی زمانەوانی، یەکەی زمانەوانی لە هەر کۆمەڵگەیەک ئاوێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەودنیایە، کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەریدەخات لە ڕووی ڕۆشنبیریی و داب و نەریت))٠ (عەزیز، ٢٠٠٨: ٣٨)٠کەواتە: پێدانی ناسناویش لە لایەن ڕۆماننووسەوە بە پێی ڕۆشنیریی و گونجاوی لەگەڵ کۆمەڵگای عەرەبی دانراوە، چونکە ڕۆماننووس باس لە شوێنێک دەکات لە خواروی "عێراق" کە کوردەکانیان لەم ناوچانەیە دەکوشت و زیندەبەچاڵیان دەکردن٠ هەروەها گۆڕانکاریی زمانەوانیی ناوی "هودا" بۆ "هودهود" دەکرێت وەکو نازناوی خۆشەویستیی لە نێوان هاوڕێکانی بەکاربهێنرێت، دوای بڵاوبوونەوەی دەکرێت کۆمەڵگاش بە هەمان شێوە ناوەکەی وەربگرێت وەکو ناوی دووەم بەکاربێت٠ لێرەدا رۆماننووس بە هونەرێکی جوان گونجاندوویەتی تا لەگەڵ واقیع بگونجێت٠

٥- "مستەفا شەونم" بە "جەلادەت" دەڵێت: ((تۆ یەکەم کەس نییت، پێش تۆ ئەو باڵندە سپییانە باڵداری هاوڕێی "قودسی" بوون کە من ناوم نابوو "هاوڕێی باڵندە سپییەکان")). (عەلی، ٢٠٠٥: ٤٠٩) بەهۆی بینینی کۆمەڵێک باڵندە لە دەوری بەمجۆرە ناوی گۆڕیبوو بۆ هاوڕێی باڵندە، کەواتا کاتێک ناو لە کەسێک دەندرێت ڕەنگە لە لایەن کەسێکەوە دەستپێبکات بەڵام لە دوایدا بڵاودەبێتەوەو، لە ناو کۆمەڵگا پەرەدەسێنێت و دەبێتەی ناوی دووەمی کارەکتەرەکان ئەمەش هاوتایە لەگەڵ واقیعدا، بۆ ئەمەش سیفەتێک لە ئاکاریدا، یان شێوە و ڕووخساری بناخەی داڕشتن و دروستبوونی ناساون٠

## ٣- پەیوەندیی ناو و ناسناوی کارەکتەر بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەوە:

پەیوەندیی ناو و ناسناوی کارەکتەر لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتدا ڕۆڵێکی گرنگ و هێمایی هەیە، هەندێکجار بۆ دەرخستنی بیروباوەڕەکانی ڕۆماننووس و دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای بەکاردێت، ((هزری سیاسیی بەشێک لە بیرکردنەوەی مرۆڤ پێکدەهێنێت، ڕۆماننووسیش وەک کەسێکی داهێنەری سەربەنەتەوە و چین و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، ئازادە خاوەنی هزر و سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ڕەوتێکی سیاسیی دیاریکراو بێت. ئەمەش بێ شاردنەوە و ڕەنگدانەوەی لە نووسینەکانیدا دەبێت و لەم ڕوانگەیەوە کارەکتەرەکانی دا دەهێنێت و ڕووداوەکان دروست دەکات، کەسیش بۆی نییە لەم بارەوە ڕەخنەی لێ بگرێت و لە کەسایەتیی ئەودا بە خەوشێکی دابنێت)). (ئەڵوەنی، ٢٠٢١: ١٥٤). لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە ئەو بۆچوون و بیر وباوەڕە دەکرێت بە جۆرێک بیت، بۆ نموونە ناوێکی وەک "مهدی" یان "ڕەوشەن" دەکرێت ئاماژە بێت بە بیرۆکەی ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنخوازیی ڕۆماننووس، لەکاتێکدا ناوێک وەک "کەیخوسرەو"، یان "سەدام حوسێن" دەکرێت پەیوەست بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە، یان گۆڕانخوازی بێت ئەمانە و چەندین ناو و ناسناوی جیاواز کە گوزارشت لایەنە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی کارەکتەرەکان دەکات بە ئاشکرا لە ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی"دا بەرچاو دەکەون. ((هیچ دەقێکی ڕۆمان نابینیتەوە بە دوور بێت لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی، کارەکتەریش یەکەم وێستگەی بەرجەستە بوون و بەدیهێنانی ئایدیۆلۆژیایە لەناو دەقی ڕۆماندا. کارەکتەر وەک ئامرازێک بە دەست ڕۆماننووسەوە ئەرکی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی پێدەسپێردرێت)). (سلێمان، ٢٠٢٣: ١٧٥). بۆیە باشترین هۆکار بۆ دەربڕینی ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگای کارەکتەرە جا بە هەر هۆکارێک بێت ڕەوتی ڕۆمانەکە بەرەو پێش دەبات، بەڵام ڕێگایەکی گرنگتریش بۆ دەربڕینی هەستی قووڵ و شاراوە دەتوانرێت لە ڕێگای دەربڕینی ناو، یان ناسناوی کارەکتەر پەیامی ڕۆماننووس بگەینرێت. هەروەک لە "ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان" بە ئاشکرا گێڕەرەوە باس لە دژایەتیکردنی زمانی عەرەبی دەکات لە بەکارهێنانیدا هەرچەندە زۆرێک لە کارەکتەرەکان عەرەبن، بەڵام ئەو سوورە لەسەر گێڕانەوەکەی بە زمانی کوردی، دەکرێت ئەوە بیرو بۆچوونی ڕۆماننووس بێت، لەڕێگای گێڕەرەوە دەریبخات، چونکە لەناو وڵاتێک ژیاوە عەرەبەکان بەردەوام دژایەتی کوردییان کردووە و ئازاریان داون ئەوان بەرپرسیاری زۆربەی ئازارەکانی میللەتی کوردن. بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆماننووس بەشێکی چیرۆکە ئازاربەخشەکانی عەرەبە دژی کورد، هەرچەند ئەو ناو و ناسناوانەی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەکتەرە عەرەبەکانی داناوە عەرەبین، کە زۆرێکیان دەلالەت لە ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکە دەکەن.

١-((ئێستێک لە ویادا وەستاین تا یەکێکیان بە کوردییەکی خراپ گوتی: "کاکات، وەرنپێش". دوای ئەوە هەرچییەکیان گووت بە عەرەبی بوو، من بۆ ئەوەی لەزەتی گێڕانەوە و تێگەیشتن لە ئێوە تێکنەدەم، هەموو عەرەبییەکانی ئەوانتان بۆ دەکەمەوە بە کوردی، دیارە دەبێت لێم تێبگەن، من بە درێژایی ئەم کتێبە هەموو ئەو دیالۆگ و قسانەی بە عەرەبی دەکرێت بۆتان دەکەمەوە کوردی، نا لەبەر ئەوەی کە کوردی بە زمانێکی باشتر دەزانم، بەڵکو لەبەر ئەوەی عەرەبی لە یادەوەری مندا زمانی جەلادەکانە، لە یادەوەری مندا وەک زمانێکی ترسناک وەهایە کە ئەوان قسەی پێدەکەن کە دەستییان بە خوێنی ئێمە سوور بووە.)). (عەلی، ٢٠٠٥: ٥٩). وشەی "کاکا" بە واتای "کاکە" لەناو کورددا کاتێک کەسێک ناوی ئەو کەسەی بەرامبەری نەزانێت بە "کاکە" بانگی دەکات، هەرچەند کاکە وەکو وشەی رێز و برایەتی بۆ بەرامبەر بەکاردێت، بەڵام بەهۆی تێکەڵاوی عەرەب و کورد ڕەنگە هەندێک وشەی سەرەتایی یەکتر بزانن، هەرچەندە لێرە وەکو بانگ کردنە، چونکە نایان ناسن و دەیانەوێ تێیان بگەێنن بێنە پێش، چونکە دەزانن کوردن، بۆیە بەم ناوە بانگیان دەکەن، ئەم گێڕانەوەیە لە شوێنێکە کاتێک کۆمەڵێک مۆسیقاژەن دەستبەسەر دەکرێن و دەگیرێن، لەلایەن سوپای عێراقی ئەوکات، بەمجۆرە سەرەتا بۆ گرتن بانگ دەکرێن، پاشان دەیانبەن تاکو کۆمەڵکوژییان بکەن.

هەروەها بەکارهێنانی ناوی "جەلادەت" وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی و خاوەن گەورەترین بیروبۆچون دەکرێت ڕۆماننووس مەبەستیکی هەبێت ((ڕەنگە ئەوە ڕۆمانەکەی نەخوێندبێتەوە کە گوێبیستی ناوی "جەلادەت" بێت، مەدلوولێکی نەرێنیی لە لا دروست بێت، چونکە ئەم ناوە لە "جەلاد" نزیکە، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەوەیە. ئەمەش ئەو دژیەکە کە خودی ڕۆمانەکە لە خۆیدا هەڵیگرتووە. "جەلادەت" وشەیەکی عەرەبییە، کە بە واتایی ئارامگرتن تا ئەو پەڕ دێت؛ واتا بە پێچەوانەی ئەو مەدلوولە نەرێنییەی کە لە سەرەتادا دروست دەبێت. وەکو گوتمان، "جەلادەتی کۆتر" پەیامبەرێکە لە نێوان دوو جیهاندا یەکێکیان شاری مۆسیقارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سپییەکانە و ئەویدیشیان جیهانی مادییەتیی ڕەها کە هیچ جوانییەکی تێدا نییە. "جەلادەت" کەسێک کە نایەوێت تەنها لە جیهانێکی ئایدیالیدا بژییێت، بۆیە "جەلادەت" دەبێتە پەیامبەر لە نێو ئەو دوو جیهانەدا)) ٠(سەعید، ٢٠٠٦: ٩٠)٠

٢- هەر لە هەمان ڕۆماندا لە شوێنێکی تر کاتێک باسی بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای "دکتۆر موسای بابەک" دەکرێت لە کاتی گەڕانەوەی لە خوێندن لە وڵاتی "بەریتانیا" بڕوایەکی نیمچەی کۆمۆنیست و نیمچە بورژوایی هەبووە، بۆیە کاتێک حکوومەتی عیراقی ئەوکات دەست بە گرتن و لەناوبردنییان دەکات، دەست دەکرێت بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان یەکێک لەوانە "دکتۆر موسای بابەک" دەبێت، پرۆسەی گولە بارانکردن و کوشتنیان بە قۆناغ دەبێت، بەڵام پێش گەیشتنی نۆرەی "دکتۆر بابەک" مێردمنداڵێک کە کوڕی یەکێک لەو بەرپرسانەیە کە کاری کوشتن و لە ناو بردنی کۆمۆنیستەکانە بریندار دەکرێت، بۆیە بەناچاری "دکتۆر بابەک" بۆچارەسەری دەبەن، دوایی تەواو چارەسەرکردنی منداڵەکە وەکو پاداشتێک نایکوژن، بەڵام دەنێردرێت بۆ شاری "پرتەقاڵی سپی" بۆ درێژەدان بەکاری پزیشکی و چارەسەری ئەوانەی لەو شارە و بوون و ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد ((منداڵێک ناوی "عەواد ڕیکابییە"، کوڕی یەکێک لە سەرکردە خوێنڕێژەکانی کۆدێتایە٠ تەمەنی یانزە ساڵە و باوکی بردوێتی تا لە منداڵییەوە فێری ڕاوکردنی کۆمۆنیستەکانی بکات، لە پێکدادانەکاندا گوللەیەک بەر قاچی دەکەوێت و گوللەیەکی دی لە شانییەوە بەرەو شوێنێکی نادیار لە سینەیدا دەیبرێت. باوکی دەیەوێت ڕزگاریبکات))٠ (عەلی، ٢٠٠٥: ١٠٦ )٠ ناوی "عەواد" بەواتای گەڕانەوە دێت٠ (ئەرنائوت، ١٩٨٩:٦٩)٠ دەکرێت ئەم ناوە ئەگەرچی بە زمانی عەرەبییە بەو پێیەی کارەکتەرەکان عەرەبن لەو شوێنە، بەڵام ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە ئاماژەی بەم ناوە کردووە بەهۆی واتاکەی، کە دیارە ئەگەر بشیانەوێت ئەم بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیایە لەناوبەرن، ئەوا پێویستیان پێیان دەبێت و دەیگەڕێننەوە و ڕۆماننووس وای سازاندووە کە بیر و ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیست ڕۆژێک دووبارە سەرهەڵدەداتەوە٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-"مستەفا شەونم" کاتێک باسی ناسناوی خۆی دەکات بۆ "جەلادەت" بەمشێوەیە هۆکارەکەی پێدەڵێت کە لە چییەوە هاتووە: ((نازناوی "شەونم" شتێک بوو لە باپیرە گەورە گەورەکەیانەوە بۆی مابووەوە کە دەیگوت لەسەر کەشتییەکانی "سووڵتانی عوسمان"ی کاری کردووە و ناخوداییەکی بێوێنە و بە ڕەزم بووە، کە دواجار لە ناوەڕاستی دەریای سپیدا عاشقی حۆریەک دەبێت، خۆی ئەو حۆرییە ناو دەنێت "شەونم"، حۆریەکی ڕاستەقینەی دەریا کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت بۆ کوردوستان و لەسەر زێی گەورە کۆشکێکی بۆ دروست دەکات))٠ (عەلی، ٢٠٠٥: ٤٦٥)٠"شەونم" بە واتای دڵۆپی ئاو لە شەواندا، لەسەر گەڵای درەخت دەردەکەوێت٠( سمایل، ٢٠٢١: ٣١٤) ٠ ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەرێکەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ناونانی "شەونم" لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە دەسەڵاتی "عوسمان"ی کە ئێستای وڵاتی "تورکیا"یە و گۆڕینی ناوەکە بۆ کوردی دەکرێت ئاماژەی زاڵبوونی کوردبێت بەسەر نەتەوەی تورک. بە درێژایی مێژوو، "کورد" لەژێر چەوساندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی و دواتر "تورکیا"دا بوون، و گۆڕینی ناوێکی "عوسمانی" بۆ کوردی دەکرێت وەک هەوڵێکی هێمایی بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەرییەکانی ئیمپراتۆریەتەکە وەربگیرێت. ئەگەرچی گێڕانەوەکە و ناونانەکە ڕەنگدانەوەیەکی ڕۆمانسی و ئەفسانەییەیە، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسەتی نەژادی کورددا، دەکرێت وەک هێمایەکی سیاسیی شیکردنەوەی بۆ بکرێت. بە گۆڕینی ناوێکی "عوسمانی و تورکی" بۆ ناوێکی کوردی، ئەم کردارە دەکرێت ئاماژە بێت بە گەڕانەوە بۆ نەژاد و ڕەسەنبوون و خۆماڵی و دوورکەوتنەوە لە کاریگەرییەکانی ئیمپراتۆرییەتی پێشوو. هەروەها دروستکردنی کۆشکێک لەسەر زێی گەورە و ڕووبارێکی گرنگی کوردستان، دەکرێت وەک هێمایەک بۆ دروستکردنی ناوەندێکی هێزی کورد لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی تورکیادا ببینرێت٠ ئەگەر کارەکتەر لە هەر توخمێکیتر زیاتر بتوانێت دەرخەری ئایدیۆلۆژیا بێت، ئەوا ناو، یان ناسناو لەچوارچێوەی گفتوگۆ دەتوانێت ئەو ڕۆڵەگرنگە بگێڕێت وەک لە ناسناوی "شەونم"٠

٤- کاتێک "جەلادەتی کۆتر" لە باشوور بوو، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت و نەناسرێتەوە لەو شوێنەی ناوی "پرتەقاڵی سپی" بوو، بەمشێوەیە قسەی لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکرد، تاکو هەست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکەن کەسێکە دژی بیروباوەڕ و ئایدیۆژلۆیا و تەنانەت نەتەوەکەشییانە، بەمجۆرە کولتووری ئەوان لەگەڵیان دەکەوتە گفتوگۆ ((ئەگەر ئەو ئێرانییە باوک سەگانە شەڕ نەوەستێنن، خراپتریان بەسەردێت، وەڵلاهی عەزیم ئەمریکا تەخت و بەختیان ناهێڵێت، "سەید ڕەئیس" خۆ کەم نییە. هەموو دنیا لە پشتێتی، ئاخ بەڵام گەر ئەو ئێرانییانە نەدەبوون، کوڕی قەحپەن، وەل قورئان عەزیم کوڕی قەحپەن، ئەگەر ئەوان نەبوون، ئێستا سوپای ئێمە لە قودس بوو، وە ڕەسووڵ کەریم لەولا قودسیشەوە بوو. یەعنی لەولا بەحرەکەشەوە)). (عەلی، ٢٠٠٥: ١٤٦).لێرەدا گۆڕین و تێکەڵکردنی چەند وشەیەک وەک سوێند بە زمانی عەرەبی و دەربڕینی هزری پێچەوانە دەکرێت ((بەکارهێنانی ئەو زاراوانەش پەیوەندیی نێوان گۆشەنیگای ئاستی ئایدیۆلۆژیی و گۆشەنیگای ئاستی دەربڕین ڕوون دەکاتەوە، چونکە شێوازەکانی گێڕانەوە و وەسفکردن و زمانی گفتوگۆ و هەڵبژاردنی وشە و دەربڕین و ناولێنانی جیاواز لە کارەکتەرەکان هۆکاری دەرخستنی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژین )). (خرواتانی، ٢٠١٣: ٨١). ناسناوی "سەید ڕەئیس" ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ "سەدام حوسێن"، سەرۆکی پێشووی ڕژێمی بەعسی "عێراق"، بوو کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە نوێنەرایەتیی ڕژێمی بەعسی دەکرد. بەکارهێنانی ناسناوی "سەید" کە ئاماژە بە نەژادی ئیسلامی و عەرەببیە و "ڕەئیس" بە واتای سەرۆک ڕۆڵی "سەدام" وەک پاڵەوانێکی عەرەب و ئیسلامی پیشان دەدات، هەرچەندە ڕژێمەکەی زیاتر دژ بە "ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی" بوو. ئاماژەکانی وتارەکە بۆ "ئێرانییەکان" و "ئەمریکا" تیشک دەخاتە سەر ئایدیۆلۆژیای "سەدام حوسێن" کە دژی "شۆڕشی ئێران" و "دەستەڵاتی خۆرئاوایی" بوو. وتەکانی وەک "ئەمریکا تەخت و بەختیان ناهێڵێت" ڕەخنەیەکی توندەی دژ بە دەستەڵاتی "ئەمریکا" و پاڵپشتی دەربڕینی نەتەوایەتیی "عێراق"ی دەکات. لە کۆتاییدا ڕۆماننووسیش تاکێکی ناو کۆمەڵگایە دەکرێت خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەک بێت، یان سەر بە ڕەوتێکی سیاسیی بێت. یان خاوەنی هزر و بیرکردنەوەیەک بێت، بۆیە ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێگای کارەکتەرەکانییەوە کەشێکی وا دروست بکات پەیامەکەی خۆی بگەیێنێت، هەرچەند ڕۆماننووس و کارەکتەر لەگەڵ یەکتر جیاوازن. بۆ گەیاندنی بیروڕای کەسی، زۆرجار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆماننوس بە زیرەکی و ناراستەوخۆ بە هۆکارێک یان دژایەتی بیر و باوەڕ و هزرێکی سیاسیی دەکات ئەمە لەڕێگای گفتوگۆ و ڕوو بەڕووبونەوەی کارەکتەرەکان، بابەتێکی لەمجۆرە پیشاندەدات، ئەوەی دەیەوێت بە ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت. ڕۆمانیش وەک ژانر و ئامرازێکی هونەریی خاوەن هێزێکی نەرمە بۆ گەیاندنی بیروباوەڕی ڕۆماننووس و ئیلهام بەخشە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، چونکە خوێنەر زۆرجار لەم ڕێگایەوە دەکرێت ئاشنای بیرۆکە و ڕوانگەو دیدگاکانی ڕۆماننووس ببێت. بە دانانی ناسناوێکی سیاسیە، یان بە بەکارهێنانی ئەو دروشم و ڕۆڵ و بیرکردنەوانە و بەکارهێنانی ناوی کارەکتەرەکانی، ئەوا پیشانی دەدات تا ڕاددەیک هەڵوێستی ڕۆماننووس بەرەو چ ئاڕاستەو لایەنێکە، یان سەر بە چ ڕەوتێکی سیاسیە کە بەشیوەیەک لەناو ڕۆمانەکە ڕاستەوخۆ، یان بە دەربڕینی وشەیەک دەتوانرێت بزانرێت.

## ئەنجام

١-ناوەکان واتا و ڕەهەندی جیاواز دەگرنە خۆیان،ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە و بە پلانێکی دیاریکراو ناوی کارەکتەرەکانی هەڵبژاردووە. هەر ناوێک واتا و ڕەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە ڕۆڵ و کەسایەتیی کارەکتەرەکە دەردەخات، وەک ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی خوی و کارەکتەر.

٢- ناسناوەکان واتادارن بۆ کارەکتەرەکان تەنها ناونیشان نین، بەڵکو واتا و دەلالەتی جیاوازیان هەیە. ئەم ناسناوانە بەشێکن لە پلانی ڕۆماننووس بۆ ناساندنی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگا و بیروباوەڕەکانیاندا، بۆیە ئەم ڕۆمانەش ناو و ناسناوەکانی زۆربەی واتادار و گونجاوە لەگەڵ ئەرک و ڕۆڵەکەی.

٣- جیاوازی نێوان ناو و ناولێنراو لە ڕووی واقیعەوە کە لە "دال و مەدلول" سەرچاوە دەگرێت بۆ منداڵێک بەکاردێت، دەکرێت هیچ پەیوەندیەک نەبێت لەنێوانیاندا، وەک ناوی جوان مەرج نیە ڕوخسارێکی جوانی هەبێت، بەڵام کاتێک سەیری ڕۆمان دەکەین بەتایبەت بەکارهێنانی ناو لەلایەن ڕۆماننووسەوە، ئەم پەیوەندییە"دال و مەدلول" گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمەلایەنی بەسەردادێت. ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ئاگادارانە و پلانێکی هونەری ناو بۆ کارەکتەرەکانی هەڵدەبژێرێت. ئەم ناوە جگە لە کارکردنی وەک ناسنامە، دەبێتە ئامرازێکی پڕ واتای هونەری بەو شێوەیە، ناو لە جیهانی ڕۆماندا پەیوەندییەکی چڕ و زیندووە لەگەڵ ڕەگەزی کارەکتەر.

٤- لەم ڕۆمانەدا ناو و ناسناوە سیاسیەکان بە شێوەیەکی زیرەکانە وەک ئامرازێکی ڕەخنەگر بەکاردەهێنرێن بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی دەسەڵات، دووری نێوان ڕووکار و ڕاستی، یان دژایەتی کردن دوژمنکارییەکانی ڕابردووی نەتەوە جیاوازەکان بەرامبەر بەکورد.

٥- بۆ دانانی ناسناو چ لە واقیعدا و چ لەکارێکی وەکو ڕۆمان دەکرێت جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبێت، چونکە زۆر جار کۆمەڵگا بەرپرسە لەپێدانی ناسناو بە تاکەکان بە گوێرەی بارو دۆخی ژیانی، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ڕۆمان چونکە ڕۆماننووس دۆخێکی وا دەسازێنێت کە بە گوێرەی جوڵە و کار و پیشەی وەکو ژیانێکی واقیعی ناسناو بە کارەکتەرەکانی بدات.

٦- لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" دازۆربەی ناوەکان بە زمانی عەرەبین، ڕۆماننووس بە ڕێژەیەکی زۆر ناوی کارەکتەرەکانی بە زمانی عەرەبی هەڵبژاردووە. ئەمە دەکرێت دەلالەت لە چەند ڕوویکەوە بکات، کاریگەریی زمانی عەرەبی و کولتووریی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگاکەمان، پیشاندانی پەیوەندیی کولتووری یان سیاسیی، یان بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی ڕەخنەگر یان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی.

٧- لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا ناو و ناسناوەکان واتایەکی سیمبۆلی و قووڵ لەخۆدەگرن کە پەیوەندی بەناوەرۆکی ڕۆمانەکەوە هەیە، وەک ئازادی، هونەر، یان قوربانیدان و هەوڵدان بۆ مانەوە لەپێناو خاک و وڵات.

٨- زۆربەی ناوەکان ڕەهەندی دەروونی بەدیاردەخەن، دەتواندرێت لەڕێگای بیستنی ناو، یان ناسناوی کارەکتەرەکە هەڵو مەرج تایبەتی کارەکتەر بزاندرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کوردیەکان / کتێب

ئەڵوەنی، نەجم .(2021) .گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەتر و ئاگر)ی (بەیان سەلمان)دا (چاپی یەکەم). هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.

جامی، نیهاد .(2006) .ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنەتی . کوردستان: سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو.

دزەیی، عبدالواحید مشیر .(2014) .زانستی پراگماتیک (چاپی دووەم). هەولێر.

رەئوف، د.لوقمان .(2016) .دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمۆلۆژییەوە .سلێمانی: حەمدی.

خۆشناو، سەرباز مەجید. (2019). سیمۆلۆژیاي ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا. چاپی یەکەم. هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

سەراج، هاشم .(2007) .بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان (چاپی یەکەم). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

عەلی، بەختیار .(2005) .شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی:چاپخانەی ڕەنج.

مەعروف، د. کەمال .(2012) .تیۆریە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی .سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

مەنتک، حەمە. (2017). سیمیۆلۆژیای ناونیشان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

-میراودەلی, عومەر. (2008). زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر.

١٢-میران، د.رەشاد. (2010). چەند بابەتێکی ئیتنۆ- کۆمەڵایەتی. چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.

فەرهەنگی کوردی

- ئەسوەد, د۰ نەوزاد ئەحمەد, (2015)۰ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران۰

-خەرابەیی، فەرمان عەزیز . (2012)۰ فەرهەنگی ناوی منداڵ۰ چاپی یەکەم.

- سمایل، عەباس سلیمان .(2021)۰ فەرهەنگی کوردی ناوی منداڵان چاپی یەکەم. چاپخانەی حاجی قادری کۆیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## نامە ئەكادیمیە كوردییەكان:-

- خضر، جەمال ئارەزوو، (2015) .ناسناو لە زمانی كوردیدا .هەولێر: نامەی ماستەر. كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەددین.
- صالح، ئاوارە كەمال (2019) .شێواز لە رۆمانی كوردیدا (ڕۆمانەكانی كاروان عومەر كاكەسوور)بە نموونە .هەولێر: نامەی دكتۆرا. كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەددین.
- صالح، شوكر موحەممەد (2011) .ناوی تایبەت و ئەزموون لە ڕۆمانی (تەمی سەرخەرەند)ی شێرزاد حەسەن .هەولێر: نامەی ماستەر. كۆلیژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
سەعید، بێخاڵ عەبدوڵلا .(1989) .واتا سازی وشە .هەولێر: نامەی ماستەر. كۆلیژی ئاداب. زانكۆی سەلاحەددین.
- عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل (2001) .ناونان و هەست لە زمانی كوردیدا .هەولێر: نامەی ماستەر. كۆلیژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
- طاهر, نزار سلمان. 2014. سیمیۆلۆژیا وێنێ دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا كوردیدا، تێزی دكتۆرا - سكولا ئادابێ - زانكۆیا دهۆكێ.

## بڵاوكراوەی زانستی:

- حوسێن، شاخەوان حسن و ئەلۆەنی، نەجم خالید (2024) .بنیاتی كارەكتەر لە ڕۆمانی (ئابشۆران)ی (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان)و ڕۆمانی (كۆردەرە)ی (خوسرەو جاف)دا .هەولێر: توێژینەوەكی بەراوردكارییە. كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
- سلێمان، ڕێبوار كەریم و ساڵح، د. تانیا ئەسعەد محەممەد (2023) .كارەكتەری ئایدیۆلۆژی لە ڕۆمانی(جەمشید خانی مامم٠٠)ی بەختیار عەلی .هەولێر: كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سەلاحەددین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گۆڤاری کوردی:**

- ابراهیم, هەڵمەت بایز رەسول - طالب جلال. (2024). سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەیی دەلالەتی کەسییەتی لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە: vol.3:(11).

-فایەق، پەسار- زراری، سەنگەر (2006) دەنگی خوێنەرانی ئەمشارە. گۆڤاری کاروان، ژمارە(٢٠٧).

-عەبدوللا, عەبدولسەلام نەجمەدین. (2014). شرۆڤەکرنەکا سیمیۆلۆژی بۆ ریکلامێن بازرگانییێن (لدویڤ بۆچوونا جودیت ویلیامسن)ی، گوڤارا زانکویا زاخو، پەربەندا: B)2)، ژمارە: 2.

**دووەم:عەرەبیەکان/کتێبەکان، فەرهەنگی عەرەبی:**

- الآرناؤوط، شفيق .(1989) .قاموس الأسماء العربية (الطبعة الثانية). بيروت: دار العلم للملايين.

-أحمد،د.نفلة حسن.(2012).التحليل السيمائي للفن الروائي.كركوك:المكتب الجامعي الحديث.

-الشيباني، عبدالقادر فهيم .(2008) .معالم السيمائيات العامة (الطبعة الأولى). سيدي بالعباس، الجزائر.

- تشاندلر،دانيال.(2008).أسس السيمائية.د.طلال وهبه.الطبعة الأولى.بيروت:مركز دراسات الوحدة العربية.

-خوري، د. توما جورج .(1996) .الشخصية (الطبعة الأولى). بيروت: المؤسسة الحامصة.

- سوسير، ف٠دى٠(١٩٨٥)٠فصول في علم اللغة العام،ترجمة الدكتور أحمد نعيم الكراعين، الاسكندريية: دار المعرفة الجامعية٠

**نامە عەرەبییە ئەکادیمیەکان:**

- قسمية، مصطفى (2010).الدلالات الوظيفية للشخصية الحكائية في أدب الأزمة رواية بخور السراب لبشير مفتي أنموذجا.رسالة الماجستير.كلية الأداب و اللغات.جامعة محمد خيضر.

گۆڤاری عەرەبی:

- البرعيمه،سعيده بنت أحمد (2022) تعويذه الفراشة، جريدة الرؤية، https://alroya.om/post/306821/

سێیەم :سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

-Wang (2020): Confirm if it’s a book series or journal. Adjust formatting accordingly.

-Krampen (1987): Locate the actual publisher and place of publication for accuracy. The Library of Congress entry is typically cataloging data, not the publisher.

لێکۆڵینەوە:

-Vasileva, A. and Krasina, E. (2019) 'Names and nicknames as means of portrayal in contemporary Russian novel', *Russian Studies in Literature*, 55(4), pp. 210-227.

-----------------------------------------------------------------------------------------------------

# The Name and surname of the Character in the Novel “The City of White Musicians” from the Perspective of Ferdinand de Saussure’s Semiotics

**Kulthum Yaseen Abdullah**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: kalsumyasin6@gmail.com

**Karzan Mohsen Qadir**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Karzan.qader@su.edu.krd

## Abstract

This research abstract presents an analysis of Bakhtiar Ali's novel *The City of the White Musicians*, focusing specifically on the character appellations (names and nickname). Character names in the novel are not merely simple literary labels, but rather function as critical tools for deconstructing issues of identity, oppression, and freedom within a troubled society that necessitates exposure. For this purpose, the novel genre proves most effective, as it reveals society's

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

hidden aspects—particularly when an analysis can utilize "names and nickname " to illuminate these hidden dimensions. These appellations serve as a mirror reflecting Kurdish society. In this novel, "name and title" articulate the struggle between being and non-being for the individual under an oppressive system. Furthermore, the novel transforms a fantastical narrative into an exploration of significant philosophical and political questions.The research structure, besides the introduction, conclusion, and source list, consists of two parts:Part One: Explores semiotics from a Saussurean perspective, examining the construction and function of character names and titles.Part Two: Interprets the meanings of these names and nickname, uncovering their hidden significances and conducting a detailed analysis to differentiate them. This enables an understanding of the author's rationale and intent in assigning these specific appellations with such precision.

***Keywords:"****The glossary of terms consists of (Semiology, Name, Character, Nickname, Roman)."*

## الاسم و اللقب لشخصية في رواية “مدينة العازفين البيض” من منظور السيميولوجيا لفرديناند دى سوسير

### المُلَخَّص

يقدّم هذا الملخص البحثي تحليلًا لرواية بختيار علي "مدينة الموسيقيين البيض"، مركزًا تحديدًا على تسميات الشخصيات (أسماءً وألقابًا). فليست أسماء الشخصيات في الرواية مجرد تسميات أدبية بسيطة، بل هي أدوات نقدية لتقويض إشكاليات الهوية والقمع والحرية داخل مجتمع مضطرب يحتاجٍ إلى الكشف. لهذا الغرض، يثبت جنس الرواية فعاليته، إذ يكشف عن الجوانب الخفية للمجتمع – خاصةً عندما يمكن للتحليل استخدام "الأسماء والألقاب "لتسليط الضوء على هذه الأبعاد المستترة. تعكس هذه التسميات المجتمع الكردي كمرآة. وفي هذه الرواية، يُجسّد "الاسم واللقب "صراع الوجود والعدم للفرد تحت نظام قمعي. كما تحوّل الرواية سردًا خياليًا إلى استقصاءٍ لأسئلة فلسفية وسياسية كبرى.تتكوّن بنية البحث (بخلاف المقدمة والخاتمة وقائمة المصادر) من جزأين:الجزء الأول : يستكشف السيميائيات من منظور سوسيري، بدراسة تشكيل وأداء أسماء وألقاب الشخصيات.الجزء

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الثاني :يفسّر دلالات هذه الأسماء والألقاب، ويكشف عن معانيها الخفية، ويُجري تحليلًا تفصيليًا لتمييزها، مما يتيح فهم مقصد الكاتب وغايته في اختيار هذه التسميات بدقة بالغة.

الكلمات المفتاحية: ( السِّيمِيَائِيَّةُ، اِسْمٌ، شَخْصِيَّةٌ، لَقَبٌ، رِوَايَةٌ)